
[qasimsherwany56@gmail.com](mailto:qasimsherwany56@gmail.com)




# قاچێك بۆشمشاڵ

**قاسم شێروانی**

**چاپی یەکەم**

**هەولێر**-2010

سپاردنی (2591)ساڵی (2009)ی پێدراوە .

ناوی کتێب: قاچێك بۆ شمشاڵ

شاعیر: قاسم شێروانی

مۆتیف: قەرەنی جەمیل

دیزاین: سەرکەوت وەلی

تایپ: ئەسکەندەر زرار

تیراژ: ( 500 )

چاپخانە: چاپخانەی شەهاب

# گوڵێك لە باخچەی ئەفرۆدێت

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی

پاش بڕینی زەریا دوورەکان
ئەو مانگەی لە پشت چیاکانەوە
لە من بەدەر کەوت
پڕتەوی بزەی شەرمنی ئەلیکا بوو
وەك قەتاری سەحەرێکی مۆری ئاڵ
داڵدەی دام و
داپۆشیم بە پەلکە زێڕینەی نیگایێ
دڵمی تەژی کرد لە ئارامی و هەدا
بیر و ئەندێشەم
لە ژێر هاژەی جریوە و
سۆلاڤی چریکە و
ئارامی گمە و تیرێژی چڕین و وورشەی ورینگەدا
کەوتنە نێو بەزم و سەما
هەموو سپێدان ئەلیکا
جوانیەکانی خۆی دەڕژێنێتە نێو دەریا
لەگەڵ لێزمەی جوانیەکانی ئەودا
دەریا لێوان لێو دەبێ لە نوری خودا
(پۆسیدۆن) ڕۆحی دەبێ بە گورزێ پەڕەنگ *



زەینی خۆی بەسەر دەریادا پەرشدەکا
پڕ هەڵپە و ماندوو  شپرزە
خوایەتی خۆی لەبیر دەکا
لەم دەرفەتە لەناخەوەم عەشقێکی نویٚ چرۆ دەکا
پۆل پۆل نەورەسەکان
باڵ لەکەفی تاسەی دەریا وەردەدەن
دەریا دەبریسکێتەوە
لەنێو شێلکەی نور و بریقەی سورمەچنی عەشق و
شکۆفەی جاویدانیا
منی شاگەشگە و سەرزەدە
بەو هەموو برینە پڕ ساچمە و زوخاوە
چۆن دەرەقەتی ئەو هەموو نازداریەی تۆ دێم ئەلیکا
کاهینێك نیم
پەکم نەکەویٚ لە ئیحا و دەربڕین
نە کیسە زێڕم پێیە نە بەردی حیکمەت
نە شمشێرەکەی دیمۆکلێس
ناچارم پێت بڵێم
(ئۆه ڤەنگاریمۆ ئۆتەن سێڤ لێپۆ تیبسیکیمۆترێمیٚ) **
من لەودیو کیشوەرەکانی پێکەنینەوە هاتووم ئەلیکا
چواردە ساڵە ئازادیم لە تاریکیدا هەناسە دەدا

پێکوڕە گوڵە گەنمەکان بەفەریکی لرف دەکەن
مێژووم تەسبیحێکی هەزار و یەك دەنکی پچڕاو و پژاوە
لەناو لمی هامونێکی بیٚ سەرا و پڕ بەهانە ئەلیکا
من بە کۆڵیٚ برینی پڕ پەنگرەوە هاتووم
پەڕیوەی خوساری غوربەتم
تۆنازانی چ (خەونێکی خۆڵە مێشیە غوربەت)
ئاوازێك لە خوێن خۆر دەیژەنیٚ
ئاوازی دیرۆکێك خەمڵیوە بە کوژا نە وەی ئاگر
دیرۆکێك لە یاری کردن بە رەنگی با
بۆنی زامێکی گەورەتری لێدیٚ ئاوابوون
چ حیکمەتێکی جەنگەڵیە
دابەشکردنی ڕەنگە تفت و تاڵەکانی ئاوابوون
لە نیشتیمانێکی خەمڵیوو مەفتوون
بەبۆنی بخوردی حەسرەتەکانی شەهید
ئەی ئەزەلیترین
جریوەی سپێدەی پایتەختی ئیشراق و نوما
بریسکەی ورینگەی پڕ سۆزی فلوتیٚ
دادەڕژیٚ لە تریقەو پێکەنینتا
بەستەڵەکی سارد و سڕی ئەوروپا دەسڕێتەوە
بە پەڕەنگی ئەم خەندە پڕ میهر و نازنازەت ئەلیکا

لێ نازانم چۆن پێکەوە دەگونجێن
دوو دارشەقی ژێر باڵی من و
ئەفسانەی پڕتەوی لوئلوئی لا لا
هەر دەڵێی ئەفرۆدێتە دێت و دەچێ
لەنێو باخچە پڕ حیشمەتەکانی بە هەشتا
چ داوێکت بۆ من دانابوەوە ئەی خودا
چۆن گیرۆدەی نەسیمی
هەناسەی زوهرەی زەهرایێ بویمە
بەیدە ستە دەپرینگێتەوە
لە هاژەی ئەفشاری برینێکی پڕ وەیشومە
وەرە ئەی مانگی من
ئەی ڕەند و شەپاڵ و سپەهی
فەنەری نیگا و چل چرای جەستەت
بەو ژوورە نائومێد و مەلولەم بسپێرە ئەلیکا
با شەوە ئۆدیبیەکانی عەشق بنووسمەوە
باخەمە قەتمەریەکانی نیشتیمان داڕنم
لەم رۆحە مەئیوسەم
با کۆتری شیعر رەهاکەم
لە شەقژنی نا ئومێدی
چ ئێوارەیەکی درەنگە لەمن ئەلیکا

خەو زڕانی مانگ لەنێو تۆز و غوباری
ژێر ڕکێفی بەڵینە هە نگوینیەکانی
قەڵەم ڕەوانی ئازادیا
خنکانی ئاو
لە پێدەشتێکی ڕوومەت سوتاوو
کاکۆڵ هەڵکورزاو لە چاوەڕوانیا
هێی ئەلیکا
ئەی جونبوشی دڵ
ئەی سیراجی عیشوە و سەفا
من لە گەلەری تابلۆ پەمەییەکانی جەستەی تۆڕا
عاریفانە تێدەگەم
خوایەك هەیە
لە دروستکردنی جەستەی ژندا
وەستاییێکی پڕ تەجەللا و
داهێنەرێکی موعەللایە ئەو
سەرخەزنەی دورجی لوئلوئی لا لایە ئەو
وەرە هەر خۆت تیماری رۆحم کە
کەی باکی بە ناڵەو فیغانی منی موبتەلایە ئەو
وەرە ئەی دوا خاتیرەی داستانی نائومێدی من
ببینە چ نەوازشێك دەدرەوشێتەوە لەزەردە پەڕ

ببینە شکۆفەی چ ئومێدێ
دیسان هەڵدەوەرێ لە دەرونێکی نیگەران
ئەی پەرستارە شەرمینەکەم
وەرە چنگێ نور لەو نیگا تەڕەت بەحەوزی عیرفان
برژێنە سەر گوڵشەنی عیشقی خودابیم
با هەست بەبونی خۆم بکەم
درێغا ئەلیکا
بە دوو ماچی ساردو سەرەڕۆ و
بزەییێکی نارنجی تەڕ برم نەشکا
لەم ئێوارە شێواو وبێخوست و
ئالۆدەو مەخمورە بە خۆرنشین
لەکوێ پەیدابوی لەمن
ئەی گەردەن زراڤ
ئەی کەچ کولاهی من
گەرچی من بەو فەزا شێدار و
درەوشاوە بە جریوەی پڕ نسرمی دەریا ئاشنا نیم
ئەی بە ڕۆحم ئاشنا
کەتۆ گرتوتە شەشدانگی ئومێدو ئیمانی من
ڕۆحم جودا نابێتەوە لەبۆنی دەریا
تا دوا سنوری نەسرەوتن

تا دوا تریسکەی شەبەقی ئەلها
گەرچی من پەروەردەم بە چرپەو بۆنی
پەرێزێکی پڕ فەرەقەتێ
شەلاڵم بە چۆڕاوگەی حەیرانێکی پیرە هەولێرێ
بەلاّم هەر لەو ساتەوەی
منداڵیمیان لە مندا کوشت ئەلیکا
من بەدوای باوەشێکی پڕ گرێشمەو هەدا وێڵم
تێرم کا لە فێنکایی خۆشەویستی
هێندە بەو جوانیەت ئاشنام
هەر دەڵێی لەو  سەری زەمەنەوەڕا
ڕۆحم مەرکانێکە لە خەندەی جیلوە باری تۆ
هەر دەڵێی ئەو ئامێزەت
خەونێکی ڕاوە دوونراومە و دێتە دی
لێم مەپرسە
کوێ ی پڕ برین نیە خۆزگەکانی من
لێم مە پرسە کوێی بزڕکاو نیە خەونەکانی من
لێم مەپرسە کوێی شەرمەزاری نیە نیشتمانی من
لێم مە پرسە بۆ کاڵبونەتەوە و ژاکاون
جوانیەکان لە مەرکانی من
ئەی قوتبی  ئەفسونو جوانی

هێی پڕ دەهەشەتترین بیزا
گەرچی غەوارەو ئەغیارێکی پەککەو تەم و
هیوام گەلاّییێکی وەریو و تۆقیوە
لەنێو لەپی زبری  باییێکی ڕاڕا
بەلاّم تەمەنم کۆڵکە دارێکی تەڕە هێشتا
خەرەندی عومرم مەستو حەیرانە
بە هەناسەی گەلاّ
بەشعری تەڕو درەخشان
بەجریوەی نەعنا
قەدەر بەزمانی پە تی ئاگر منی نوسیەوە
بۆیە بێ باکم لەو عیشقە پڕ لرفەو ئەنگێزە
وا لە کانگای ڕۆحم هەڵدەچێ
سێڵاوی جەزبە ئەلیکا
شلشل وەرە بەر پەنجەرەی چاوەڕوانیم
با تەسکین بم
بەشەهدی لێوو لالەزاری ئەم ڕومەتە ئاڵئاڵە
ئەی غەوسی من
ئەی دوا قەسیدەو دوا ئەدرەسی من
ناگەهان لەکوێ پەیدابوی
لەو بەختە سیا ساڵە

من هەرگیز ناهێڵم دڵم ببێتە بیابان و
شیعرم ببێ بە تاسوڵقەی شکاو
وەرە بن باڵم دەربازم کە
لەکۆلاّنە دەیجورەکانی میحنەت
ڕۆحم پڕکە لە هەدا
ئایندەم برازێنەوە بە پێکەنینی ئاونگ
شیعرم پڕ کە لە چرپەی نیلوفەڕ
دەنا کرمی شەختەی غوربەت
نیوەکەی تریشم دەخوا
هێی ئەلیکا
دوێنێ شەو ئەفرۆدێت هاتە خەونم
چەپکێ گوڵی خستە سەر گۆڕی قاچە بڕاوەکەم
گوتی نەمرە ئەو پیاوەی
بەکۆڵێ نژدو زامەوە
لەسەقەڕی غوربەتا
ئەسینا غەزەل باران بکا  و
هۆمیرۆس ناچار بکا
جارێکی تر چاو بە ئەلیادە دابخشێنێتەوە
شەهیدە ئەو پیاوە بریندارەی بەقاچێکەوە
توانی باوەر بە (زۆربا ) بێنێ


خواو شەیتان لە یەك ووشەدا كۆبكاتەوە .

<u>لە 2005 لە یۆنان ۆ هەولێر نوسراووە.</u>

* پۆسیدۆن لە میتۆلوژیای یۆنانیدا خواوەندی دەریا بوە.
**ئەم دێرە دەربڕینێكە بە زمانی یۆنانی مانای ((ئەی مانگی من كاتێ دەتبینم ڕۆحم دەهەژێ)).
* خواوەندی ئەشق و جوانی بووە.:ئەفرۆدێت
* ئەلیادە داستانێكی شیعری كۆنی یۆنانی یە لەلایەن هۆمیرۆسەوە : نوسراوە .
* پایتەختی یۆنانەو ناوی یەكێك لە خواوەندەكانیش بووە كە لە :ئەسینا جوانیا بێ ها وتا بووە.

# قاچێك بۆ شمشاڵ

ئەگەر ژیان
هەر لە خۆیدا
گەمەییێکی هیچ و پوچ بێو
هەر لە ئەزەلدا بۆ هەندێ کەس هەتا سەر
بەهەشتی راز و فیردەوسی ناز بێ
من ناهەق نیم پرسیار بکەم
ئەم قاچەمت بۆ بڕیەوە ئەی خودا؟
بەڵام دڵنیا بە دڵنیا
من دەربەست نیم
بەوبڕەبرینە خامۆشنابم
ماتڵ نابم لەعەشق وسوتان
من پەیامی شیعرم پیێیە
ئێستا شیعرلەمندا
تۆختر لەمن ڕێچکەدەکاو
قەڵەم هێشتا لەناو پەنجەکانم
گەرموگوڕترسەما دەکا
ڕاکشانی جەژنێك لەنێو تابوتدا
هەرگیز من ماتڵ ناکا



لەژەنینی دەمارەبڕاوەکانم
گەر دەتەوێ دڵت ڕۆشن کەی
بەئۆرکسترای مانگێکی گریاو
گمەی کۆترێکی باڵ شکاو
وەرە گوێ لەپرسیارە تەڕو
نەپچڕاوەکانی(نواڵە)م بگرە
ئەی خودا
ئەی میهرەبانترین میهرەبان
من هێشتا ڕۆشنترم
لەئەستێرەیەکی تەنیای دابڕاو
لەپیاسە پڕ وەسوەسەکانی مانگ
من هێشتا دوودەستم ماوە
بۆ گوشینی مەمکی قەیرەکچێك
شمشێر هەڕەشەی سەرپەڕاندنی لێدەکاو
ئەویش نازانێ
بۆنی عەشق لەکوێوەدی
من ماتڵ نابم نا
ئێستاش مەستتر لە جاران
دەتوانم کۆنترین شەڕاب
لە لێوی ووشك هەڵاتوی

شۆڕە ژنێك بخۆمەوە
ڕۆژانە بە دوای حەسرەتەکانمدا دە گەڕێو
گوڵە مێلاقەکانی بێ ئۆقرەییم پاراو دەکا
شەوان جەستەی برۆنزی خۆیم
بۆدەکا بەئاگردانێ پڕ پەنگر
منیش ڕۆحی ئە وپڕدەکە م لەسوکنایی وهە دا
لەزەردە پەڕی سینگو مە مکی ئە ودا
تێگەیشتم لە ئیماندا
چ نە وازشێکی تە ڕ هەیە بۆ منارە وگومبە ت ئە ی خودا
کە چی هێشتا ئە ونازانێ
چۆن بەشاعیرێ بڵێ
ها خۆرەتاوی جەستەم بنوسەوە
بەرلە ئاوابوون
بە ر لە بارینی تۆفانو مە ینە ت
من دەربەست نیم
لەجیاتی قاچێك
وا ئالأییێك
لەخورەی خوێنی گەرمی شۆڕشەکان و
لەبۆنی پڕدرووی ڕۆحی شەهید
دەشەکێتەوە

بەسەر ڕۆحی بزۆزمدا
من دەربەست نیم
قاچەبڕاوەکەم داماو ودەربەستە ئەی خودا
ئەوناتوانێ وەکو سەرم
خۆی بکا بەناو( مەچکۆ)دا و
سۆزو عاتیفەی پڕ موجامەلەی
هاوڕێکانم بپڕێتەوە لەمن
لولاقەکەم ماوە لەوێ
تانەبوە بەخۆڵە پۆت ئەی خودا
دەشمشاڵێکی لێدروست کەو
بیدە دەست قالە مە ڕە
با قەتارێ بچڕێ
لەوهەژانە پڕنائومێدییەی
بێباکانە ڕاکشاوە
لەسەر دەرئەنجامە بەتاڵ و
ساردوسڕەکانی یەکی شوبات
ئەم قاچەمت بۆ بڕیەوە ئەی خودا؟
لەبەردەم قاپی تۆدا
من دەربەست نیم بۆ حەپین
بەلاَم ڕەنگە تۆ ماتڵ بی بۆ وەلاَم

لەبەرامبەر
(جبار و قهار)ێکی وەکو تۆدا
من چیم ئەی خودا
تۆ جیلوەی ئاگرت لەدیرۆکی چیاو
کوانوی عەشقی ئێمەدا کوژاندەوە
من کوفرێکم نەکرد
لەبەرامبەر تەڕاتیلە دۆزەخیەکانی قیامەتدا
چۆلەکە و بولبول و کوختیەکانی
نێوماڵە شڕوشیتاڵەکەم
فێری زیکرو حاڵگرتن وگیان لەرزین کردبوو
من لەنوێژەکانی عەشقا
ساقیت نەبووم
کەچی هەرنە مزانی
ئەم قاچەمت بۆ بڕیەوە ئەی خودا؟
من دەربەست نیم
قاچێك لەمندا دەکوژێتەوە
هەزاران قاچ لە حەرف و
سە دان قاچ لە وشەو
دە یان باڵ لە شیعرم دەڕوێ
ئێستاش گەربمەوێ

مانگ دەکەمە ناو زەنبیلێکەوەو
بۆ جوانزادە دوورەکەمی دەبەم
بەلاّم دەترسم
ئەو بەیەك قاچ بمبینیّ
بسڵەمێتەوە و لێم وەرنەگریّ
من دەربەست نیم
بەلاّم هێندە پەرۆشی ئەو قاچەمم
چاوم لەدوایەتی
دەترسم لەگەلّ هەر ساتمەییّ
ئاهی من بتگریّ و
ئەوخوایەتیەت لیّ بستێنێتەوە ئەی خودا
ئێستاش کەدرەختێکی ڕووت دەبینم
شۆخێکی ڕووتم دێتە پێش چاو
ئەستوندەی ڕۆحم دەهەژێنیّ
من دەربەست نیم
ڕۆشنتر لەجاران دەسوتێم
عەشقێکی گەورەترم ئاوێزانە
گەرچی پیاسەکانم لەکاسەیەکی ڕژاودەچن
بەلاّم شیعرەکانم
لەسەبەتەیەك خۆخی گەییو

من لەزمانی شیعر بەولاوە
هیچی تر نازانم ئەی خودا
چاوەڕیّ بوم خەتێك بکێشی
بەنێوان شاعیران ومەرگدا
کەچی تۆ کوشتنت لەڕابردوی من باراندو
ئایندەمت پڕکرد لەخەلّوز
بۆیە من ئێستا
پڕ ترم لەعەشق
لێوان لێوم لە سوتان
تەژیترم لەپرسیار
پرسیا لەحەقیقەتێك
تاریکە وەکە گومان
دەیجورە وەك کوژانەوەی
دوا تروسکاییەکانی ڕامان
لەژێر تیروشمشێری غەزەبی
خواییێکی گەورەو میهرەباندا
غەرقم لە عەزاب
غەرقم لە وەهم
غەرقم لەکوفرو غەرقم لەسەراب
ڕۆحم لەئەستێرەیەکی شکاو دەچیّ

جەستەم لەدیوارێکی لاڕماو
قاچەکەشم هەروا لەوێ کەوتوە
تامارو زیندەوەر نەیانخواردوە
ئەی خودا بیکە بەگۆچان
بیدەوە دەست خۆم
ئەو پارچەیەکە لەمن
سێبوریمان بەیەکەوەدێ
ئەو دەزانێ
چۆن چڵەگیا شکاوەکانی
هەستی (نواڵە)م کێل کاتەوەو
ئاویانبدا
ئەو بڕە نیگەرانیەش بسڕێتەوە لەمن
من ماتڵ نیم
من دەربەست نیم
هێشتا تەمەنم تەڕ
وەك سرودەکانی ئاگر
ڕێگام رۆشن
هەروەك هەلأیسانی بەفر
ئەی خودا
من سەری خۆمم کردۆتە کێلگەی شیعر

دەتۆش ئەو قاچەم بکە بەگاسن
با ئایندەمی پێ بکێڵم و
زەمین پڕکەم لەبۆنی پەیڤ و
بخوری ووشەو
نیشتمانم بکەم بە گوڵزارترین گوڵزار
بەجوانترین چراخان
تا منیش ناوێك بەجێ بێڵم
وەك نەوڕەس
دووباڵم هەبێ بۆ فڕین
جارجار شاپەڕم لە ئاو بخشێنم و
بەدەریا بڵێم
تۆ بەمنەوە جوانی و
منیش بەشیعرەکانمەوە
ئەی خودا من ئێستا
ئومێدی لەخاچدانم نەما
تۆ ویستت
مردن لەمندا بچێنی و
بمدەیتە دەست ڕەشەبا
خۆڵەمێشەکەشم بزربێ و
ببمە کائینێکی بێ خودا

بەلأم دڵنیابە دڵنیا

من دەربەست نیم

لەمەولا بەیەك قاچ

دەگەڕێم بەدوای نەمریدا

سەری خۆم دەدەمە دەست

قەسیدەیەکی شەڕابی

ئیمانم پڕ دەکەم لەزیبایی

دڵم دەکەمەوە بەمیحرابی عەشق و

ڕۆحم دادەگیرسێنم وەك چرایێ

پڕ لە عەشق و

پڕ لەشەیدایی

مایسی 2004 نوسراوە و لەیە کە مین یادی کارەساتی 1/ی شوبات

لە ئە دە ب وهونەری کوردستانی نویێ دا بڵاو کراوە تە وە.

* (نواڵە) کچەبچکۆلانەکە مە , ئەوسا تەمە نی چوار ساڵأن بوو دوای

کارەساتەکە ڕۆژانە پرسیاری قاچەکەمی لیێ دەکردم کە دەیگوت بابە کوا کەی

قاچەکەت دێنیتەوە .

ڕابردوم پڕیەتی لەبزمار

ئاییندەم باوەشێ گێلأس

لەچاوەڕوانیەکی نەزۆکدا
بەسەر خەونە تەڕەکانی
ژنێکی هەتاو پۆشدا کەوتم
هەناسەی پڕ نزا
گلارەی پڕ عەشق
جەستەی وەك ڕوبارێ هەنگوین
فرمێسکەکانی لەخۆڵەمێشی سەفەرێك دەچون
کە شەڕ دەستە گوڵی خۆی تیا دۆڕاند بێ
زانیم ئەوە مریەمەو وا خاچێك ئاودەدا
هەڵپەیەتی تا عەتفی خودا مسۆگەر بکا
لەولاتریش لەخۆڵەمێشی داربەڕوێکا
تك تك عەتف لەبالأی نیشتمان هەڵدەوەرا
لەنێوان فرمێسکی زام هەڵگرتوی خاکو
سەری پڕ خۆزگەی ژاکاومو
فەنتازیای ڕۆحی
پڕ شێتی و کلۆڵمدا
ڕستەیەکم پڕ ڕاناوی تاك



چەند سەختە تەمەن
بستێك سێبەری تیا شك نەبەی
بۆ نوسینەوەی خەتاکانی سروشت
چەند دژوارە ئاوێنە
کە دەیخوێنیەوە
ئیمڕۆش هەر دوێنێیە هێشتا
مانگ پیربو لەبەکۆتا نەهاتنی ئەم هاوکێشەیەدا
کەهەڵواسراوە وەك برینە تەڕو
کوژراوەکانی نیشتمان
ئیتر وەرزێك نەما گیا خەونی تیا ببینێ
خەون لەرۆحی بێ داڵدەی مندا
هێشوە ترێی مەمکی ژنێکە پیرنابێ وەك ئاو
لێوی لەپێکێ شەرابی کۆن دەچێ
هەر کەسێ بیخواتەوە
نەمر دەبێ وەکو زەریا
لەم ئێوارە کاکۆڵ ماش و برنجیەی تەمەندا
بۆنی گوناهێك دەکەم
قەدەر دەینوسێتەوە بەخوێنی ئەو خۆزگانەی
ڕژانی سەبەتەیەك جریوەی تریفە ڕەنگ هەڵیفڕاندن
شتێك هەیە لەنیشتماندا

رۆح دەچێتە نێو وردەکارییەکانیەوە
بەڕەنگی ئاسۆ خۆی دەدوێنێ
خۆی بەسۆزەی بەیانی دەشوا
شایەنی نوێژێکی توندڕەوانەیە
دیسان قەدەر دەیەوێ
سواڵ لەخوێنم بکا
دیسان قەدەر ئیرەیی بەخەندەیەکی
پڕ نەغمەی
تازە باڵگرتوی نیشتمانەکەم دەبا
لەژێی برینە شەنگ و شۆڕەکانی هەڵەبجەمدا
لەنرکەو ناڵەی 182هەزار رۆحی تەریومدا
وەك ئایەتێك چیا بەزمانی ئاوێنە دەیچڕێ
لەوێ ڕۆژێوە
کە پەلکە گیایێ لەخەو هەڵدەستێ
کەزیەکانی بەخوێنی سپێدەیەك تەڕدەبێ
کڵپەیەك هاوار دەڕژێتە نێو پاوانی
داستانە تۆز لێ نیشتوەکان
ڕاستییێك خۆی دوبارە دەرکاتەوە
لە چەشنی ڕاکشانی مانگ لە بوڵێلدا
قەدەرێکە زامێکم شەڵاڵی نێو کارەساتەکانی عیشقەو

هێشتا به مەلولی ڕاکشاوه
لەسەر شۆسته پڕ پۆخڵەواتەکانی مێژوو
گوڵێك ناوێرێ ئاوڕێکی لێ بداتەوه
چاوەڕێمه مەگەر سەگەکەی (ئەندرسن) بێ و*
خوێنه وشك بووەکەی بلێسێتەوه
ئاخر منالێکیش سێوێکی بەدوو لەتکراوی
بدەیته دەست پێی رازی نابێ
ئیتر دڵی ئەم هەموو شەهیده
چۆن ئاشت کەینەوه
به پارێزبن لەخشپەی با
کۆڵکەدارێ تر بخەنه نێو زۆپاکه
با چراکانیش هەر کز بسوتێن
سەفەرێکی سەختمان لەپێشه
باسرودەکان ئاودەینەوه
چیرۆکی پڕ بۆنی بخوردو
پڕ نەسیمی گزنگ و
پڕ ئاوازی لێوانلێو له جلیوەو عیشوەی
ئەوینی تازەهەراشی چیاکان
تەواونەبوه هێشتا
گەر خۆمان کۆنەکەینەوه

ئەو گۆشه تاریکانەی غوربەت
بەمەرکانی چ موژدەیێ ڕوناك بکەینەوه
ساڵی چاوەڕوانیەکانیش تەواو
وەرزی خەونەکان هەر ژاکاوه
وەك سەرتاکانی پەرتبوون
ئیتر دەبێ ناولەپی حەسرەت لێنیشتومان
ڕاخەین بۆ ئەو هەوالأنەی
کاسەمان پڕ دەکەن لەوردە برین
ئیتر شەڕ
بۆنی باران لەهەناسەمان دەدزێ و
بەفر لەنیگامان دەسڕێتەوەو
ئاو لەخەندەمانا دەژاکێنێ
ئیتر ڕەنگه شەڕ جارێکی تر
شەلألی نێو غوربەتمان بکاو
دەروەست نەیێ
لەو پەرت بونه شێتانەیەی
دیوێکی کۆمیدیایەو
دیوەکەی تری تاڵترین تراژیدیا ، شەڕ
ددانەکانی تیژکاتەوه وەك ئەڵماس
ئیتر نەغمه لەحەرف دەژاکێ و

پەنجە بەسەر تارەوە هەڵدەوەرێ
ڕەنگە برینێکیتر بکەوێتەوە لە ئەنگۆرەدا
ژەنگ لێی دەداو
سوحبەتەکانی ئایندەمان لێڵ دەکا
یەکەم هۆکاری دۆڕاندنی گوڵەکان
چك کردنە متمانەبوو
لەنێوان خاكو ڕەگدا
( با جۆگەکان بگۆڕین )
نەهێڵین روبارێکی زۆڵ
خەونەکانمان بنکۆڵبکاو
بکەوینە سەر ساجی عەلی
ئیتر ئەگەر سەرچاوە
خۆی پاك کاتەوە لە زێڕو کرم
ئەگەر ڕەگ خۆی داتەکێنێ
لەبۆنی خیانەت
ترپەی دڵیش دەچێتەوە
سەر چریکەی بۆنی ڕەیحانەو
هاوکاریەك لەنێو جومگەکانو دڵدا
دەبێتە ئیقاعی ژیان
من ڕابردوم پڕیەتی لە بزمار

مێژوم پڕیەتی لە فریودانی کۆتر
ڕۆژمێرم پڕیەتی لەماچی حەرام
گیرفانم پڕیەتی لە هەناری دزراو
تەمەنم تەژییە لەخۆ خواردنەوەو نوچدان
وەرە ئەی دۆست با یەك دوودەست تاوڵە بکەین
لەخەمی نیشتماندا
با رەحیماواو شۆڕیجەو ئیمام قاسم
داشۆرین لە ڕاناوی لکاو
با ئەوانیش وەك من
گیرۆدەی نەغمەی سکوت و
غەرقی سکون نەبن
بائەوانیش
لەبەرەبەیانی پڕ نسرمی ئازادییا
بێدەنگی لەسەر لێویان هەڵنەنیشێ
با لای ئەوانیش
بێدەنگی شیرینتر نەبێ لە مردن
سەردەمانێ
ئەوان ئەدرەسی ژیان بوون
نەیاندەهێشت ئەم فێنکاییە
لەبالآی بەرزی نیشتمان هەڵوەرێ

من ئێستا بۆنی مەمك عاتیفەم دەسوێ
ئەوان هێشتا
بۆنی ڕەژوو لەڕابردویان هەڵدەستێ
ئەوان چونە میعراجی ئەنفال‌و
خودا سوكە ئاوڕێكی لێ نەدانەوە
ئەی خودا
كە تۆ گوێت لە سۆناتای ئەم ئێسك پروسكانە نەگرت‌و
قەتاری پڕ نەشئەی خوێن
ڕای نەچەناندی
یا زمانی منیش قوفڵدە وەك بەرد
یا لێمگەڕێ
با لەقودداسێكی پڕ نورو درود
ببمەوە موریدی ئاگر
ئاگرێك پڕ لەسۆز و جاویدانی
ئاگرێك پڕ لەسەروەری ئاو
پڕ لەزیبایی بەفر
پڕ لە ئیقاعی شیعر
پڕ لە سۆلۆی سەفا
پڕ لەبۆنی خاك
پڕ لەڕەزمی خودایانەو
پڕ لەفەریكە خەون‌و
ئاگرێك پڕ لەسروتەكانی چیا .

* ئەندرسن كەسێكی دیاریكراونیە تەنیا مەبەست لە خەڵكی ئینگلیزە.
سالی 2002 نوسراوە لە حە فتە مین فیستڤالی گەلاوێژلە سلیمانی1.
خوێندراوەتە وە دواتر كە مێ دەسكاری كراوە .



# ڕێگاکانی نائومێدی

به قەراغی پڕ تەلیسمی ئەنگۆرەیەکدا
کە گوشادە بە عیشوەی نیلوٚفەر
چاو پڕ بزەیە
بە پیاسە شەرمنەکانی پاتۆنیا
منی بێهەدا
بەر لەوەی سەفەرێ بکەم
بۆ دەرەوەی سەری خۆم
دێم وروٚحی چراخم پاراو دەکەم
بە رەونەقی شکۆفەی لێوەکانت
بەشکۆ تۆی دڵارامو
(دێم) پڕ نەواو تەسەللا
لەمنی ناخودا ببیە مەرهەمی سەربرینان
باوەشم تێوەر بێنی و
چەند ساتێ بەرزەفتکەی
منی خانە بێزارو موبتەلا
ماتڵم کەی لە سەفەری هاتو نەهات
ماچ بارانم بکەیتو
نەهێڵی زەریا
رێگام پڕکا لە شەپۆڵی کوێر

ئایندەم بهەرمێنیێ نیگەرانی
نەك وەکو ساڵی پار
کەمن تەنیا داوای ماچێکم لێکردی
تۆ رێگای ئەشکەوتێکت نیشاندام
باڵندە پیریان کردبوو لەناو جیقنەدا
کەی لەرێگای ئەشکەوتێکی سیاساڵدا
من لیموٚیەکم دەست دەکەویٚ
دەمم پڕکا لە مزرە ئاوی جاویدانی
شەوم پڕکا لەمیهرو
حەرفم پڕکا لە جریوەی ئەرخەوانی
پار نا پێرار
من داوای خواردنەوەی چایێکی
دەمەو عەسرانم کرد پێکەوە
تۆ رێگای کانییێکت پێشاندام
مامز پڕیان کردبوو لە مسكو بخور
تا بۆنی تۆ لە عەشقمدا بسڕنەوە و
ببم بە تاشە بەردێکی
لە نێو وەنەوزا تاساو
کەی لەرێگای کانییێکی نیگا خومار و
هەناسە سەقەمدا

من مۆمێکم دێتەپێش
سڵ نەکاتەوە لە پەنگر و
بزانێ زمانی پەرەنگم بۆ شیکاتەوە
لەچڵ مانای نەغمەی بولبولێکدا
زێماریکم بسرێتەوە
یا دامێنی چیاییێکی بە وەجم بۆ بکا
بەلاوکێکی هەمیشە داگیرساو
من لە شیعرێکما داوای تێکەڵ بونی ڕۆح و
ئاوێزان بونی ڕەنگی لالەیی جەستەتم کرد
لەگەڵ تۆفانی هەوەستم
کەچی تۆ تولە ڕێگای
ئەستێرەیەکی کوژاوەت نیشاندام
مانگ بڕستی لێ بڕیبوو
بە بوغرا بوون
لەنێو شەوقو هێزی دەسەڵاتدا
کەی لەرێگای
ئەستێرەیەکی لاتو بێ بەراتدا
من دەگەمە تاشەبەردێك
سەری ئیسماعیلێکی لەسەر
شاباش نەکرابێ

تا بوێرانە سەرخەوێکی لەسەر بشکێنم و
بۆنی هەڵایسانی خوێن و
کوژانەوەی ڕۆحە تەریوەکان نەکەم
من لەخەونێکمدا داوام لێکردی
تێکەڵ بین و ئاوێتە بینو
بۆ چەند ساتێ ئاوێزانتبم
کەچی تۆ ڕێگای
پێدەشتێکی ڕوتو ڕەقەنت نیشاندام
بۆنی لاشەی کوژراوەکان
دایبڕیبوو لە هەراو زەنای گلۆبالیزم
کەی لە سیلەی پێدەشتێکی فەوتاو
بە پاشماوەکانی خیانەتدا
دەگەمە ئاستانەی بیرێك
براکان (گریێ دەرونیەکان)ی خۆیان
تیامۆڵ نەدابێ
بۆ کوشتنی یوسفێك
خەملیو لە نێو کرێشمەی عەشقو
سەفای جوانی و تەراتیلەکانی مانگدا
ئەوێ ساڵێ لە سەر ڕێگا توشت بووم
داوام لێکردی با بچینە ئاقارێکی چۆڵ

دابگیرسێین و
چەند ساتێکی پڕ خرۆشان
بەیەکەوە ببەینە سەر
تۆ ڕێگای تیشە چیاییێکت نیشاندام
تەققە کەڕ و لاڵی کردبوو
ئەنفال پاڵتۆی لەبەر دادڕیبوو
کەی لە ڕێگای پیرە چییاییێکی
لەبیرکراو و ڕوتو ڕەجاڵدا
من دەگەمە ڕوبارێکی مەند و نیان
لەجیاتی تۆ بمرشێنێ و ئاومبدا
بەژنم ببێ بە درەختێك و
چاوەکانم ببنە هەڵوژەو
پەنجەکانیشم ببنە وردە گەلاَ
لەژوانێکی هەوەڵینساڵی عەشقدا
داوای شەوێکی هەنگوینیم لێکردی
تۆ ڕێگای باییێکی چەتونت پێشاندام
پاییز حەیاو ناموسی بردبوو
کەی لەڕێگای هات و نەهاتی
باییێکی بێحەیا و دەمو پل پڕ بەهانەدا
من دەگەمە ڕەزو باغێکی پڕ بۆڵە ترێ

بنەو بارگە لەوێ هەڵخەمو
شەوانە ڕۆحم ڕۆشن بکەم
بەنەکهەی شەڕابێکی خەست
لەجیاتی دولێوی پڕ نەشئەی یار
شەوێکی دی
بەردە پلوکەم هاوێشتە حەوشەتان
تۆش هاتیتە بەر دەرگا
داوام لێکردی
با کەمێ لە باوەشما بۆنت بکەم
تێر تێر لەخۆمت هەڵسوم
تۆ ڕێگای پیرە دارێکت نیشاندام
نە سایەی هەبوو نە بەر
چۆن لە ڕێگای زڕە دارێکی بێفەڕدا
دەگەمە سارای بۆنی گوڵە مێلاقەیەك
سەبای ساڵحان ئەو هێشتا خەواڵو بێو
منیش بەیادی جواناوی جوانزادەیێ
شەونمی سەر ڕوحی هەڵمژم
لەبەر بێمەیلی یار
دوێنێ شەو هەر لە خەوما
بەر لە بڕیاری سەفەر داوام لێکردی

ساتیٚ لە بەر دەمما بوەستی
تاشتێك تێبگەم لە موعجیزەی شەنگە بیزا
تاوێکیش کڕنۆشبەرم
بۆ مانگە شەوی نیگا
تۆ ڕێگای خواییێکت نیشندام
نەدەیبینم و نەدەستم دەیگاتیٚ
نە لەزمانی عەشق حەرفیٚ تێدەگا
نە شمشێرە ژەنگاویەکەی دەستیشی فڕێدەدا
لە ڕێگای دووری حەفتا هەزار ساڵ
وا خواییێکی تاکو تەنیا و لامەکاندا
منێکی بەدبەختو خێر لە خۆ نەدیو
چۆن بە یەك قاچ
بە سەر پردی سیڕاتا دەپەڕمەوە و
دەگەمە پەیژەکانی عەرشی تەجەللا
کیٚ دەڵیٚ هەر لەو ڕێگا سەرا بستانەدا
ڕیشدارێکی ئاکار مەغۆل
بەناوی ئەو خوایە بێباکە
خۆی ناتەقێنێتەوە و نامکاتە هەلا هەلا
بۆیە ئیتر دەبیٚ لەمەولا
ئەو ڕێگایە بگۆڕم گوڵم
بەدوای موغێکی زاهیدی نوردا بگەڕێم
بمباتەوە ئاتەشگاییێکی پڕ جیلوەو جریوەی پڕتەو
من مێژووم لەویٚ چەقیوە و
ئاوێنەی ئایندەم لەویٚ ورد و خاشکراوە
خوێنی شیعرو کەلتورم وابەسەر تاشە بەردەکانەوە
لەویٚ بە شیرو شمشێری قەعقاعیٚ پێکراوم
گۆزەو کاسەو کەوچکم لەویٚ ئەنفال کراوە
لەویٚ ناموسم بەتالأن بردراوە
من لەویٚ ئاڤێستام هەتککراوە
دەبیٚ ئیتر لەمەولا
هەرچی ئاگردانە بیژیێنمەوە
دەبیٚ کوردستانم
ببێتەوە بە نیشتمانی ئاورینگ و ئاگر
دەبیٚ ماعبەدێك ئاواکەینەوە
بۆ چراوگی هەڵوەدانبوون
بەسیمای پڕ سەفای ئاگر و
شۆڕبوونەوە بۆ نێو پیرۆزیە لوئلوئیەکانی ئاگر
دەبیٚ ڕۆحمان ئاشناکەینەوە
بە ئەبجەدیەتی ئاگر و
سوکنابوون بە مەعریفەی ئاگر

ئاگرێك لە زیبایی ڕۆحی خودا
خوداییێك بە قەوڵی خۆی
نوری زەمینو ئاسمانەکانە
نوری زەمینو ئاسمانەکان
ئۆکتۆبەری 2005 هەولێر

.

*(دێم) لە زاراوەی کرمانجیدا بەمانای ڕوو. ڕوومەت.نیگا دێ .
**بهەڕمێنێ واتا بڕوخێنێ_ وێرانبکا



پێشکەشە بە گیانی پاکی قوربانیانی کارەساتی 1ی شوباتی 2004

جەژنتان پیرۆز
جەژنێک ڕاکشاوە لەنێو تابوت
جەژنێک وەک داستانێکی سوتماک
ڕژایە سەرلاپەڕە پڕ هەنسکەکانی مێژوو
جەژنێک
سەرو قاچ ودەست وپەنجەی
تیا هەڵدەوەرێ
ئێمە چوینە ناوکۆڵآنە پڕ جریوە کانی جەژنەوە
بە سروتە ئاڵو والآکانی جەژنا هەڵگەڕاین
چووین لە رۆژی ئازادی
سەری شاباشکراوی ئیسماعیلدا
دەست خۆشی لەخودا بکەین
پیرۆزبایی لە ژیان بکەین
بەلآم هێشتا ئێمە
جەژنانەمان لەگەڵ یەکتر نەکردبوو
چوکلاتی جەژنمان نەخواردبوو

جەژن خەڵتانی خوێن کراو
پەپولە کوژرا و
حەیران کوژرا و
منارە سەر بڕا و
قەلآو تەیراوەو کوران و سێتاقان
لەناو خوێنا گەوزان
جەژن بوو بە یەکی شوبات
یەکی شوبات بوبە خەزانی رۆح و
هەڵوەرینی گشت خۆزگەکان
یەکی شوبات بوو بە ئاوێنەیەکی شکاو
بۆ بەخۆ داچوونەوەو ڕامان
یەکی شوبات بوو بە رۆژێکی گریاو
بوبەباڕەشی هەڵوەرینی
گەلآ تەڕوو وەنەوشەییەکان
جەژن بو بە پرسیار
بوو بە گومان
بوو بە ڕاوەدونانی سرود و
کوژانەوەی چراوگە ساواکانی ئیمان
جەژن بوو بە مایەی هەلآیسانی بەفرو
کوژانەوەی سۆناتاکانی ویژدان

ئێمە هێشتا
سێبەری لاوکێك لەئامێزی نەگرتبوین
تروسکەی حەیرانێ نەنیشتبووە سەر گلارەمان
جریوەی چرایێ باڵی نەگرتبوو
نەشئەی ئازادی لەکەللە ی نەدابوین
خوێن بەسەر ئاوێنەی روخساری
جەژنمان داڕژاو
سروەی قەتاری ئایندەمان لەخوپن وەردرا
گەردەلولێ بەری ئا سمانی لێ گرتین
کاسەو کەوچکمان لە خوێن وەردرا
هێشتا
برین وزامە تەڕەکانی
دوێنێی پێدەشت و شاخەکان تەواو
چرۆ گوڵیان نەکردبوو
ئێمە هێشتا
دەرگای جەژنمان لەمناڵەکانمان نەکردبۆوە
لەچاوتروکانێکا
لەبن باڵی (**الله اکبر**) ێکدا
هالأوی مەرگ
لە سورەتێکی نوێو تازە دابەزیودا

سەد گوڵی لەباخان دزیو
سەد ئەستێرەی لەئاسمان
کوژاندەوەو
سەد شۆڕەسواری
سیما پڕ جیلوەو تریفەی
لەژێر شمشێری ژەنگاوی
قەعقاعوحەجاج و ئەبولعەباسی سەفاحدا
هەڵپەسارد
شار کەوتە ژێر تەپو تۆزی
ئەسپە ڕەشکانی ئیمپراتۆریەتە
وەهمی یەکەی بیابان
چ ڕۆژێکی پڕ کسپەو بێ ئەنوا بوو
چ چرکەیەکی بێ پشتیوانو بێ خودا بوو
لە تە ڕا تیلی سورەتێکی ئیلا هیدا
جەژن لە نیشتیمانی پیرۆز کردین
لەناو نوێژێکی بریندارو
سپێدەیەکی بەفراوی و بێ گوناهدا
کوژاینەوە
منیش قاچێکم نارد بۆ نیشتمانە
کەم ئەندام و لێو بە هەنسك و هەتککراوەکەم


تا سۆراخی حەرفە هەمیشە تەریوەکانی
شیعر بکا
تا سۆراخی عیشقێك بکا
لەوە تەی هەین بە خوێن ئاوی دەدەین
عیشقێك مەحکومە بە تورەی خودا
بسمیلکراوە بە غەزەبی خودا
عیشقێك سەدا ن ساڵە
خەمە گەرمەکانی نیشتمانی داوەتە کۆڵو
کوشتن ڕاوی دەنێ
نازانم ئاخۆ چەند برینی تری دەوێ نیشتمان
تاببێ بە چەترێکی ئارموشیو
منالە شەهید لەژێر باڵیا
پشوێ بدەن
تا لەمەودوا لە کۆلانە تەنگەبەرەکانی مێژوودا
مەرگ غارغارێن ئەکا و
هەموو رۆژێ
ئەنفالێکی ترو هەڵەبجەیەکی ترو
سێبتەمبەرێکی ترمان
لێ پیرۆز نەکا
دەمێکە من گوتومە

بەرگی دووەمی
رۆمانی عیشقی لەگڕ دروستکراوی ئێمە
داستانی عیشقی بەخوێن پاراوکراوی ئێمە
لێرەوە دەست پێدەکا
هۆرەو لاوكو حەیرانەکانی چیا
تەواو نەبوینە هێشتا
پشتێن شل مەکەنەوە
پێلاوی ئاسن لەپێ کەن
ئێمە دەقمان بەو رابردوە گرتووە
"هەر کاسە سەر دەخوا"
بەلام دڵنیابن
سبەینێمان لەدوێنێ والاترە
کە دڵۆپە خوێنە گولاڵەییەکانمان
تێکەڵ بەبۆنی خۆڵ دەبێ
خۆڵ پیرۆزتر دەبێ
لەهەموو موقەدەساتەکان .

---

ئەم شیعرە 20 رۆژ دوای کرەساتی 1/ی‌شوبات وبڕینەوە ی قاچم نوسراوە ولەچلە ی‌شەهیدانی کارەساتەکە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بلاوکرایەوە .

فريودان



زۆربه ی ڕۆژان
بەقەراغی ئێوارەیەكدا
بێباكانه بەیەك قاچ

خۆمو دوو دارشەقی تازه هاورێم
له گەڵ مه هدی خۆشناو
ئەو بێ سەر وبێ هەناسه
لەگەڵ نیشتماندا
ئەویش بەدو لەتكراوی
بەشەقامه پڕ پینەكانی شاردا
یا بەبن دیواری مات و خامۆشی قەڵا
هەرسێكمان
دەستی عەشقێكی وه نەوشەییمان گرتوه و
بۆنی شەهیدمان لێدێ
پیاسه دەكەین و
بۆنی ئاوابونمان لێدێ
خۆر ئاوادەبێ
عەشق ڕەگی لەنێو رۆحماندایه و
ناهێڵێ ئێمه ئاوا ببین
دەسوڕێینەوه
بەلای باغی شاردا
شوێنێك نییه پەنامان بدا
توشی كوژرانی هەست دەبین
من نائومێدیەكانم تۆختردەبێ

ئەو تێفکرینی شێلودەبێ
هێدی هێدی
هزر لەبالآی نیشتمان هەڵدەوەرێ
قەدەر بەو رۆژگارە ژەنگاویەمان
دەسپێرێ
پەپولە فریو دەخۆن
بەخەندەی ئەو گوڵە نایلۆنیانەی
لەدورەوە
بۆنی هەنسکیان لێدێ
کۆترە باڵ شینەکان
بەسەر سەرمانا دەسوڕێنەوەو
دەماننناسنەوە
ریشدارێ مۆڕەیان لێدەکا
ناوێرن تەقلەو گمەی خۆیان
ببەشنەوە
سواڵکەرەکان
دەسڕەکانیان هەڵدەگرنەوە
شەرم دەیانگرێ
لەبریق و باقی ئەو قسە
گەورەو بۆشانەی
لەمنارەکانەوە دێ
لەچەپکە گوڵی سەر گۆڕەکان دەچن
هەرکێ
ئەوانەی گوێیان لێدەبێ
پێی رادەچڵەکن
ئیتر لەوێ
ئێمەش لێکدادەبڕێین
دەچمەوە سەرمێزی
شەوانی گۆرین
تا سەرم بکەم بە قوللەی
سەنگەرێکی ئازادکراو
((تا بەنوری بادە کەشفی زوڵمەتی
تەقوا بکەم
دەپێم بڵێ ئەی خودا
گەر بەشەمعێکی وەها
چارەی شەوێکی وانەکەم
ئەدی چیبکەم )).


کۆپلە شعرێکی مەحوی لوتکەیە کەمێك دەستکاری کراوە .

# ژنێك لەڕەنگی مانگ

کەی لە سپێدە شوشەییەکانی ئەویندا
کەی لە نێو فارگۆنە جەنجاڵەکانی ژیندا
یا لە دوا ساتەکانی گەڕانەوە
لە سەفەرێکی پڕ برینداا
یا لە هێشوە شەرابیەکانی پێکەنیندا
کەپرێك هەیە بۆ خۆپاراستن لە وەهمو سەراب

*    *    *

من چاوەڕێی بزەی سۆڵە چرایێ بووم دامتەکێنێ لە غوربەت و نیگەرانی ,کەچی عیشقێك منی نوسیەوە و کۆپی کردم وسەریکردم بەقەڵبەزەو ئایندەمی کرد بە
ڕوبارێکی کوێر, ڕۆحی کردم بە ڕێبوارێکی وێڵ, ئەدرەسی ژنێکی دامێ ژنێك لەشیعر ژنێك لەرەنگی مانگ و ژنێك لە بەژنی چیا ژنێك تەڕ وەکوچڵەگیا ,جوانێکی هێمن وەك هەدابەخشی سەمفۆنیا , ئەو ڕژایە نێو زرێباری ڕۆحمەوە هەتا ئێستاش ئەو گەورەترین برین وناسکترین شیعر وچڕترین ڕۆمان وجوانترین ئەدرەسی منە, لەژێر سێبەری کێوە رەشی دڵسەنگو ڕۆح پەرەنگدا پەرتیان کردین لەگەڵ یەکەمین زوخاوی پەرتبونا گرمان گرت من ئێستاش نەکوژاومەتەوە, سوتانەکانمان لە بەهانەی سوڵۆی تۆخبونەوەی بەهار و پەلکە گیا دەچوو ئێستاش ئەو شیرین ترین و جوانترین خەمی منە, لە



عەدەمەوە تا گلۆبالیزم منوئەو پڕ سویٚترین عیشقی ئەو شارەین کە
هەردوو زەند و باسکی پڕە لە قژی ڕنراو,تائیٚستاش حەرفە دەست و
پیٚ سپیەکانی شعری من ئیحا لە زوننناری زولفی ئەو وەردەگرن,
ئیٚمە لەناو سۆزو هەڵوەدایی وشیعردا ڕسکابوین زۆرجار لەئادگاری
خواییٚك دەچوین تەنیا عاشقەکان کڕنۆشیان بۆ دەبردو خۆشیان
دەویست ئیٚمە جوانتربوین لەکتیٚبیٚکی نەکراوەو پاکتربوین
لەبەرائەتی سامالٚ,لە حەزی بیٚ ئامانی شەونم و گولٚ ، پڕ شەوق
تربووین لە پەڕەنگ و شەرای پەنگری ئاگردانیٚکی
بیٚوەج,دریٚغا..دریٚغا لە ناکاو ئەو منو شیعرو هەموو جوانیەکانی
خۆیشی جیٚهیٚشت ئیٚستاش من تەنیاترم لەو ئەو تەنیاترە لەمن من
پڕ دەنگترم لە ئاو ئەو بیٚدەنگ ترە لەبەرد, دوای ئەو چاوم
لەجاویدانی نیە من دوای ئەو هیچ ئومیٚدیٚکم بەو ژیانە حیزە نیە من.

((جیٚی هیٚشتم
کە جیٚی هیٚشتم
خویٚنم جیلوەی جوانی مانگە شەوی لیٚداچۆڕا
گوڵەکان لە پیٚدەشتی لەپما هەڵبزرکان
شیٚلو بوو ڕووباری ئیستاتیکا
دوای ئاوا بوونی ئەو
دڵم پەنجەرەکانی بەڕووی عەشقدا داخست
هیچم بۆنەمایەوە

چڵیٚك ئاگرو گەڵاٚییٚك ئاو نەبیٚ
بۆ گەمەی سوتان و خۆ خافلاٚندن
بە وڕیٚنەکانی شیعر
بەد مەستانە ڕاکشام لە بن دیواری بیٚهودەییا
لە حوکمی دەسەلاٚتی وشەو عیشق بەدەربوو
دەشتیٚك لە ئاو ... چیاییٚك لە با..
ئەو کە لیٚرە بوو
شیعر لە ئایەتە پیرۆزەکانی
نوسراو بە حەرفی گولٚ و ئاگر بوو
شیعر زمانی هاتنە ژوانی باران و کەلامی خودا بوو
دوای ئاوابوونی ئەو , هەرهەمووی بە پوشیٚ
لە دەستەواژەییٚکی تر دەگەڕیٚم
بۆنی شیعر نە بەخشیٚ
بەلاٚم چیبکەم ؟!
قەدەری من خۆ خواردنەوەیە
لە وەرزی بیٚ ئامان و کڵپەو
داگیرسانی پەنجەکانی شیعر ))

*       *       *

من خۆزگەکانم پیربوون
کەچی نەرمە تاریٚکت

بۆغەریبی من نەژەند ئەی یار
من چاوی چاوەڕوانیم کوێر بوو
سروە با لەو دورە ڕێیەدا
وا دێتو هەردوو دەستی بەتاڵە ئەی یار
دۆزەخی عەقڵێکی
تاریك و ووشك وقاقڕ
تیرۆری کردم
کەچی تۆهەر لە دەرگای خەونێکیشت نەدام ئە ی یار
دڵنیابە دڵنیا
بەو برینە تەڕانەوەش
پترلەجاران ئاشوفتە و شێت و شەیدام
من دەزانم تۆ لەویٚ
شپرزەو پەشۆکاوی وەك گوڵێك
هەور نەهێڵێ خۆر ماچی بکا
من لەنێو مەراقەکانتا ڕاکشاوم
تۆش وەك ڕوبارێکی تێنو
سەر بە سەر سینگ وقۆڵ وباسکی
یادگاریەکانم دەکەی
کتێبەکەم عەتر باران دەکەی
تۆلەویٚ بۆنی هەنسك وغوربەتت لیٚ دیٚ

من لێرە بۆنی زێمارو خوێن
تۆلەویٚ ئاگات لەخۆت نیە
گوڵێك لەناو دەستتا هەڵدەپروکێنی
من لێرە سەری خۆم دەکەم بەمەرکان
تۆلەویٚ پەنجەرەیەك دەکەیتەوە
من لێرە باوەشت بۆ دەگرمەوە
تۆلەویٚ چ تەفسیرێکت دەست ناکەویٚ
بۆخەونە کوژراوەکان
من ئێستا شێتانە دەسوتێم
منالاٚنە گڕودەگرم
پێکراوانە ڕادەچەنم
مردوانە پێدەکەنم
ئێستا زەخرەفەی برینێك دەنوسمەوە ئەی یار
نەوەکا سبەینیٚ
بێخاچ بمرم
گەرچی روٚحم گەچلاٚوە
لە نێوبوخچەی حەسرەت و فیراقا
هێشتا سەوڵی خوٚزگەیەکی وەنەوشەیی لێدەدا دلٚ
ئەی یار
عەنبەری شکوٚفەی پڕ هەڵپەی چ غەزەلێکە

ئەم حوسنوماهە ئەی یار
تازە بە تازە ڕەندتر لە جاران , یاد و یادەوەریت
بە لێزمە دەڕژێتە سەر قۆپەن و مێرگو نزاران ئەی یار
بەم ناوەختە لەم ڕۆحە بەد بەختە
چیت گەرەکە ئەی یار
خیانەتی براکان
هەموو کوچەوکۆلانو کەلەبەریکی
ئەم هەوارە ی کرێت وبێزەوەر کردووە
جێی حەرفێکی بەیتی سوتانی بێئەندازەی
من و شیعری پڕ ڕیتم و نەشئە و نیگاری
بە بەرائەت شۆراوی تۆی تیا نەماوە بەیتی کوردی ئەی یار
تۆ کە لێرە بووی
بەرپێت پڕبوو لەهەناسەی نازناز
خۆت کەڤاڵێك بووی لە شۆخی
چوارچێوەت عشقێك بوو پڕ لە قوربانی
لازوردو ئاقیقی شیعرت لە گەردن بوو
عەتری حەرف و جیلوەی بەهارو
ئاونگی نازت لێ دەپڕژا
خۆت بەگۆرانی دادەپۆشت
تۆ هێندە نازداربووی
کە لەژێر سێبەری دیوارە بێنازەکەی قەلا ڕەتدەبووی
باران تەڕی نەدەکردی
ئەی نیگا پڕمیهرو ماه
چ سەختە بێ تۆیی لەمن
چ هاوارێکی بێدەنگە غوربەت
چ مردنێکی لەسەرخۆیە لێکدابڕان ئەی یار
من هێشستا تێر بۆنی لامل وگەردەنی تۆم نەکردبوو
هەر بە هەوەست تیرۆر کرام ئەی یار
منیان لەتۆدا کوشت و تۆیان لەمندا زیندو کردەوە
بەو بەهارە برینەکەم بۆنی خەزەڵوەری لێدێ  ئەی یار
ماڵەکەشم پڕ بووە لە ئاوێنەی شکاو
لە منداڵی ڕەنگ پەڕیو
لە کو کوختی باڵ بەخوێن
تۆ لە نێو ئەم هەموو نیگەرانی و شپرزەیەی مندا
لە لیمۆیەکی خومار دەچی ئەی یار
لەژێر شابسکی گەڵا تەڕەکاندا
بە نیمچە نازێکەوە
سەرەتاتکێ لە گەڵ یادەوەریەکانم دەکەی
بەڵام ئێستا لەوێ تەنیاتری لەخۆت
لەژێر چەترێکی تەنیاتر لەمن

بەشەقامە ئاوێنەییەکانا پیاسە دەکەی
ناگەیتە وێستگەیێ
تەنیایی لێ بەرێ بکەی
ناچار لەبن دارتوێکا
سەر دەنێی بەباوەشی هێدمە گرتوی شیعرێکما
تا باران بۆنی حەرف لەبیر نەکا
تا چیتر پاییز خۆی دەخیلی با نەکا
تۆ رۆیشتی و مانگی نیگات
لەنێو روباری
(خوێنی بەناهەق ڕژاوی) مندا جیێ هێشت
ئەدی من چۆن لە یادت کەم ئەی یار
مانگی جوانیت شایەتیم بۆ دەدا
لەدوای عیشقی تۆ من نەژیاوم نا
بەڵام عاشق خۆی نەخواتەوە
گۆر غەریب دەبێ
وەك گەلاٚ ڕژاوەکانی بەر سەرەسمی با
لەوەتەی تۆ جێت هێشتوم
ئایەتێکی وەکو تۆم نەخوێندۆتەوە ئە ی یار
گەر لەدوا وێستگەکانی هەڵکشانی تەمەنا و
لەو بێنازی و پەککەوتەیی و ناگزوریە
لێم وەدەرنەکەویەوە ئەی یار
بەو سوتاویە دەتوێمەوە
دەبم بە چنگێ خۆڵەمێش
شیعرەکانم گەواهیم بۆ دەدەن
دنیای من
شەوێکی مات و دەیجورە بێ تۆ
هەموو عومرم
مەملەکەتێکی وێران مەهجورە بێ تۆ
گەر چەهچەهەی عیشوەو جوانیت
تەمەنم خەندە باران نەکا
لە گرتە و کەڤاڵە خورافاتەکانی ئیمڕۆی عیشقا
پاڵەوانێکی دۆڕاوو دڵوەریوم من
من نەمویست بێ ئیزنی تۆ بمرم ئەی یار
دەنا کۆلکە مەلایێ خۆی دانوساندبوو
تەلقینم بدا ئەی یار
دەمێکە من دەگەڕێم بەدوای مردنا
تا تێرم کا لەغەریبی یاران
بەڵام هەمیشە چاوم لە دوا دیدارە ئەی یار
کاشکا لێرە دەبوی
بەو پەنجە تەڕانەت

**چایێکی خەستت بۆ تێدەکردم لە بۆنی پاییز**

**پایز ئایەتێکە پڕ لە حەرفی فرمێسك لەچاوان قەتیس**

**پڕ لەهەناسەی هەڵوەریو**

**من قەدو قامەتی تۆم لێ دیار نەبێ**

**کەی جوانی بەهار تێرایی دڵم دەکا ئازیز .**

---

**ئەوکۆپلانەی ناوکەوانەکە(( ))لەشیعری ئاوابون لەهە ردوو لە تدا**

**بلأوکراوەتە وە لە نامیلکە ی یەکەممدا(کۆماری برین).**

**پۆرترێتی زامێکی نەکوژاوەو**

**هەقایەتە پشت کووڕەکانی دار**

**بەڕوو**

بڕینی تخوبەکان

بڕینی بەندی ڕۆحە

لە مەراقی زەریاییێکی بێلیێوار

پر تەلیسمی گورگو با

وەڕسبونی هزرە

لە بۆنی هوتافە خۆڵە مێشیەکانی سیاسەت

بێقەراریە لەدەست

ژەنگ هەڵێنانی هەست

کە مەحکومە بەبێدەنگی ، بە بەد ڕەنگی

هەستم پڕە لە ئاوابوون

چ ڕامانێکی بەهاری بوو بەرخۆدان

چ حەشرێکی پایزیە پیربوون

لە چاوەڕوانی باڵاکردنی

خۆزگە بەخوێن پاراوەکان

هەستم پڕە لە ئاوابوون

وەك کاڵبونەوەی چیا

لە هەڕەتی ئازادیا

چ ئافاتێکی نەفرەتیە

ئەنجامە ساردو سڕەکانی داگیرسان

هێشتا ئاسۆ ژەنگاویە



له گونده تونا‌و توونه‌كانی نیشتمان
جگه له تارمایی خه‌ونێك
هیچیان نه‌بینی شڕپۆشه
ڕوح مه‌ینه‌ت تێزاوه‌كانی گه‌رمیان
ده‌كرێ بۆشاییه‌كان
به‌میوه‌ی ته‌ڕترین خه‌نده
پڕبكرێنه‌وه ، نه‌ك به ڕاوه دوونان
پرسیاره‌كان
به زمانی گیا
به‌ڕه‌نگی ئاو
به هه‌ناسه‌ی شه‌ونم وه‌ڵام بدرێنه‌وه
نه‌وه‌كا به ڕووو وه‌رگێڕان
ئه‌ی سه‌رابیترین ئازادی
ئه‌ی ڕه‌نگ ڕێژترین حه‌یران
ئه‌ی ئارموشترین ئامێز
ئه‌ی مینا ترین قووڵه‌ی ته‌ماشام
گه‌له‌ری یاده‌وه‌ریه خوێناویه‌كانی دلاوه‌ران
وه‌ك سینه‌ی پڕ ئاهو خمخانه‌ی من
پڕه له سكێچی ڕه‌نگ كوژاوه‌و
مۆتیڤی بێخوست و به‌رباد

گه‌ر له په‌نجه‌ره‌ی داستانه‌كانه‌وه
بڕوانینه پێ ده‌شته كاكۆڵ هه‌ڵكڕوزاوه‌كانی ئاران
تێده‌گه‌ین ئا سمان ، له زه‌وی
زۆر تێنو تره بۆ دڵۆپێ باران
قریشكه‌ی دیرۆكێكی له خوێن گه‌وزیو
نه‌بێته سایه و ساباتی ئومێدێ
بۆ فه‌رزه‌نده‌ی ئه‌ستێره نه‌گه‌ڕاوه‌كان
ئیتر دڵم به كوێی ئه‌وئازادیه‌ت
خۆشبێ ئه‌ی به‌هه‌شتی دۆڕاو
ئه‌گه‌ر ئه‌وان
نه‌یانه‌وێ ناگزوری بسڕنه‌وه
له سیمای فانۆسێكی هه‌ست تێكشكاو
تۆزێ ڕه‌ونه‌ق نه‌گێڕنه‌وه
بۆ كێڵگه ڕه‌نگ په‌ڕیوه‌كان
گه‌ر ئاوڕێك نه‌ده‌نه‌وه
له هه‌قایه‌ته پشت كووڕه‌كانی داربه‌ڕوو
ئیتر ده‌بێ فه‌نتازیای خه‌یاڵم
له‌ناو قوڕ و چڵپاوی حه‌سره‌تێ بچه‌قێ و
منیش ببم به نیگه‌رانترین ئه‌ستێره‌ی دڵشكاو
ئه‌وه‌منم

پیاوێکی نامۆ
نامۆ تر بە خۆم
وەك کەترەییێکی پاشماوەکانی جەنگ
خەندەم بۆ نکرۆز ، هەنگاوەکانم لەنگ
نە بۆنی ئازادیم لێ دێ نە بۆنی سرەوتن
ڕۆحم خاڵی خاڵیە
لە ئاورینگی کازیوە, لە ئۆخژنی سەرکەوتن
هەموو ڕۆژێ
خۆم و دوو دار شەقی تازە هاورێم
تەکبیر دەکەین سەر هەڵگرین
بەلاّم زۆر دەترسم
وەك شەقژنی کۆترێکی پێکراو
هەر لە گەڵ یەکەم بۆنی پڕ تانەو
سیخوار و نسرمی غوربەتا
هەر بە ڕێگاوە هەڵوەریێم
نەم دەزانی ڕۆژێ دێ
سفت و سۆی برینێکی نەکوژاوەم
ئیحساسم دەباتەوە بۆ چاخەکانی با
ئەفسوس , ئەفسوس
ئەم خاکە هیچی منی تیا نەبوو
جگە لە زووخاوی زیندان
لە چۆڕاوگەی برین
لە مگێزی قوربانیدان
ئەویش خەتای خاك نەبوو
هوتافە بروسکەییەکان
بەڵێنە نەسیمیەکان
بەرنامە خەوەرنەقیەکان
خەونە شەڕابییەکان
هەرهەموویان پێ دۆڕاندم
بە ئومێدی ئازادیێ پڕ جاویدانی
بەلاّم کوا ؟
( کێبوون ئەوانەی بە خوێن بنارەکانیان دەشوشتەوە) ؟ *
کێبوون ئەوانەی بونە دەرەتانی شاخ ؟
کێبوون ئەوانەی لە مەرگ قایم تر ؟
کێبوون ئەوانەی ببوون
بە سەمەندەری باو و بۆرانبڕ ؟
لە دواییشا کێ چنیەوە ؟
گڵۆڕەی سورمەچنی زەخرەفەی
پڕ وورشە و تروسکەی زەردەپەڕ
من بەو ئومێدەوە هەنگاوم دەنا

سەر جەلەو دیرۆکی هەلاّیسانی شیعر
لە دەستە نەزۆکەکانی با دەربێنم و
بیبەمەوە بۆ کەژی ئاگرێکی پڕ قەڵبەزەو مەستور
هەموو سێبووری ووشەم
دا بووە قامەتی ژنە چیاییۆ
ئەو تەوتەمی پیرۆزی و ئۆخژنی ڕۆحم بوو
مانگ نەیدەهێشت
وەڕس بم لە عیشق و سوتان
ئەستێرە نەیاندەهێشت
بغەوریۆ فەرشی گیا
تا نەتاریۆ وڕینگەی نەهاوەند
لە خەونی نێرگزو نەعنا
سەرم سەنتوری نەوازش بوو
بۆ حیلەی ئەسپی ئەبڵەقی پێدەشتەکان
باڵندەکان هەمیشە هانیان دەدام
هەوراز تر هەڵکشێم
سرودەکان نەیاندەهێلا
بێزاربم لە تەمی بۆ نسۆی گلاران
ئەی خەوەرنەقترین ڕوگەی شیعر و
ئەی دایك ترین ئامێزی تەسەللا

سی و هەشت ساڵە منیش
مەرکانەکانی عیشق و جوانیت ئاودەدەم
سی و هەشت ساڵە منیش
کتێبی ئەندێشەکانی ئاگرت بۆ دەخوێنمەوە
سی و هەشت ساڵە من
زاهیدێکی ڕوح درەخشان
لە سروتی جەزبە و قوربانیا
منیش پەنگری کوانوی پرمگێزی لاوکێکت بوم
سی و هەشت ساڵە
لە ئاورینگی حەرف و
شەبەنگی ووشە و پەڕنگی برینان
چل کەزی شعرت بۆ دەهۆنمەوە
سی و هەشت ساڵە مەفتونم
بە لەرینەوەی شەرای سۆڵە چراییێکی خۆزگەکانت و
هەربین بە ئازارەکانتەوە دەنێم
سی و هەشت ساڵە من
وەك زەریاوانێکی هزر و بازو
پڕ سەلیقەی سێلاّوی هەتاو
هەر سەولّی شەیدایی لێدەدەم
تابگەین بە ڕۆشناترین دوورگەی هیواکان

سی و هەشت ساڵە
پەیاپەی  دەستەو نەزەر گیان لەسەردەست
بۆ چرکە یێکیش
خامۆش نەبوو پریشکی شوعلەی هەڵوە داییم
کەچی ئەی بەد نمەکترین دۆست
ئەی ئازادی
کەپکی ڕۆژە تەڕو درەوشاوەکانت
هەرگیز هەرگیز
بۆنی من و منەکانی لێ نایێ
سەدای خرینگە و سەفا سازیت
بۆڕسە و بازارەکانی دنیای پڕ کرد لە تەماع
کەچی پڕوشەی میهر و نەوازشێ
بە هانای ئەو ئازارە سەختەم نایێ
ئیتر گومڕا دەبم لە چڵپاوی هزر
تەجویدی فەلسەفەی ئایدیایێ ناکەم
تینی کڵپەکەی زەبونگیڕی نەسرێتەوە
لەکێلگە مات و نەبان و هەڵتروشکاوەکانی
ژێر سمی مەینەت
وەردەگەڕێم لە عەشق و سوتان
نابمەوە پەتیارەکەی جاری جاران

ئەی میهرەبانتر لە سۆز
ئەی نیشتیمانی لە ئەزەلەوە هەلا هەلا
تۆ لە ڕۆحی نەگەییوی هەژارانت دەخوارد
تا بکەویە سەرپێ
کەچی ئێستا
بۆ فیوداڵە ئەنتی برسیەکان
بۆ ئۆتۆکراتە میلیتاریستەکان
بویتە خەزێنەی قارون
بویتە دورجی لەعل و تەلاً
بۆخۆم نیە من ئەم هاوارە
بۆ ڕوحی بەرزە فڕی پڕ پەژارە و
پڕ نقار و بێمرێسی
ئەستێرە نەگەڕاوەکانت
دەگێڕم ئەم شین و شەپۆڕی میحنەتە
بۆ مناڵە شەهیدێ نابینم
ئاسودەتربێ لە قەرەجەکانی غەرناتا ؟
شنەی سۆزی خەندەیێ نابینم
نیگەرانی بسرێتەوە لە نیگایان
(وا دەبینم دڵی نیشتمانەکەم بە قولابی ماسی گرەکانەوەیە)**
نۆسەدو یانزە ڕۆژم

له ژوره پڕ ئه‌سپیێ و شێداره‌کانی زیندانیێ ژمارد
هه‌رگیز وه‌کو ئێستا
لاولاوه‌کانی ڕوانینم بۆ ئاینده
خۆیان به‌ته‌ڵبه‌ندی وا نائومێدییێ هه‌ڵنه‌په‌سارد
گریانم دێ بۆ دوێنیێ
دوێنێی پاکتر له ئاو
په‌یکه‌ری ئومێدێکمان هه‌بوو
ده‌مانپه‌رست وه‌ك بوزاکان
لاوکی ده‌خاڵۆمان بۆ ده‌چڕی
ڕۆحی بزۆزمان وه‌ك په‌پوله
به ده‌وری تروسکه‌ی پیرۆزیدا ده‌فڕی
له شه‌رای حه‌رف و
ئاورینگی مۆسیقا و تریفه‌ی ووشه
شیعرو سروودمان بۆ ده‌چڕی
به‌ڵام ئه‌فسوس
ئیمرۆ ته‌رمی ئه‌و ئومێده نائومێده
وا به‌سه‌ر شانی سرووده خوڵه‌مێشیه‌کانه‌وه
کوڵاڵن به کوڵاڵن
به گه‌ڕه‌که میللیه‌کانا ده‌یگێڕن
ئه‌ی پڕ داخترین ئازادی

ئه‌ی مه‌ئیوسترین ئومێد
ئه‌ی بێشه‌نگ و
پڕ ئاهو نزوله‌ترین نیشتمان
بۆ چه‌هچه‌هه‌ی هوزاریێ نابیستین
له ده‌ربه‌ندو کۆساران
چمانغرۆ بوو
قایه‌غی ئاواتی ڕه‌نج به خه‌ساران
بۆچی وه‌ك کێله قه‌بر
ده‌ستیان به خۆدا شۆڕبۆته‌وه
چیاییه خانه‌خوێکان
بۆچی گوندنشینه سیما ماندووه‌کان
مات و په‌ژموورده
به‌دیار قه‌رتاڵه‌یه‌ك خۆزگه‌ی پواو
له‌ته‌نیشت ئاگردانێکی
ساردو سڕی پڕ خۆڵه‌مێش
چنگیێ عه‌شقی تازه ڕژاو
نیشتیمانم بۆته خه‌ڵوه‌تخانه‌ی
موریده‌کانی گوناهوتاوان
بۆته مه‌یدانی ته‌ڕاتێنی به‌نگ کێشه‌کان
ئاسمان پڕ بووه له شه‌قژنی فڕین

دەریای ئیجە بۆتە ڕێگای
هاتو نەهاتی ئەنفالێکی تر و
بۆتە خەزەڵوەرترین گۆڕی بەکۆمەڵ
هێی نیشتیمانی من
ئەی شەمزاوترین کۆتەڵ
ئەی نادیارتین چارەنووس
ئەی پەرپوتترین پەڕی مێژوو
ئەی پڕ کڵپە ترین پەنگری کوانوی ڕۆحی ئێمە
ئەی گەرموگوڕترین بازاری ئەوان
ئەی ئۆدیسەی عیشقی ئێمە
ئەی مەرجانیترین خەونی بەدی هاتوی ئەوان
قیڕوسیا لە قاچە بڕاوەکەم
قیڕوسیا لە کتێبخانە سوتاوەکەم
قیڕوسیا لە ماڵە دەست بەسەردا گیراوەکەم
قیڕوسیا لە دوکانە دزراوەکەم ***
قیڕوسیا لە قەتارەی خوێنی
برینە هێشتا تەڕەکەی ( زیڤار )****
ببینن گوڵە مێلاقەکانی ویژدان
بێ ڕەنگ و بۆنن لە تاو قریشکەو
هاواری نەبڕاوەی ئەنفالەکان

چۆن ڕۆحی هەزار جار ڕەنجاو و
پەشیمانی شەهیدەکان ئاشت کەینەوە
چۆن ئەو هەموو نەمامی
هەستە تێکشکاوانە کێل کەینەوە
هەزارانی لەمن کۆکتریش
هەزران ڕۆحی جیلوە بار
ڕۆحانیترین شۆڕە سوارانی سەفەری مەحاڵ
بێ پەروا ڕۆح ئەنگێز پێ لە ڕکێف
ڕووەو  مەشخەڵانی لێزمەی زەردە پەڕ
بۆنی وەجد و نوری عەشق و
شکۆی شاخ و کێویان لێدەهات
دەیان داستانی زام و زوخاو و زوخاڵ
ئۆردوی سەختی
تارمایی مەرگیان تێك شکاند
با و بۆران و تۆف و کڕێوە و گەرداویان بڕی
تاسەحەری شەفەقێکی نارنجیان ڕسکاند
بەڵام سەد حەیف و هەزار ئەفسوس
دەریاییێك خوێن
ملیۆنێك شەهید
پەنجەرەی نەسیمی ئۆخەییێکی

پڕ وەنەوشەی نەکردەوە لە هەژاران
حەسرەت و داخ و نوسکەی ڕانەماڵی
لە سەر دڵی لێو بە باران
بێخودو بێنمود ,
مات و پەژموردە و بێ پەسار
بێشەنگ و بڕست , ڕووتو زگار
وەك بێدینی نەفرەتلێکراو
جێیان نابێتەوە لە ئامێزی
نیشتیمانێکی ڕستکراو .

---

* لەقەسیدەی سەهوڵ بەندان .ی برای شاعیر (**ڕەفیق سابیر**) دا دەڵێ ﴿**کێ بە خوێنم بنارەکانی شوشتەوە**﴾,من کەمێك دەستکاریم کردوە.

** (بینیم دڵی نیشتمانەکەم بە قولاپی ماسی گرەکانەوەیە) لە قەسیدەی ئای لەو ڕۆژە خۆشانە بەشی نۆیەم ,برای شاعیر بەختیار عەلی دا هاتووە, لێرە تەنیا وشەی بینیم گۆڕیوە بۆ وادەبینم .

**ئەو سیوهەشت ساڵە ماوەی خەباتی سیاسی وریێکخراوەیی خۆمە لەریزەکانی هەردوو حیزبی دەسەلأتداری کوردستاندا.**

*** لە ئاداری1986 لەلایەن دەزگا سیخوڕەکانی ڕژێمی روخاو لە سەر کاری ڕێکخستن دەستگیر کرام لە دادگای بە ناو (محكمة الثورة) بە 15 ساڵ حوکم درام و ماڵیشم دەستی بەسەردا گیرا و لە فەرمانبەریش فەسڵ کرام پاش دوو ساڵ و نیو بە لێبووردنی گشتی لە 1988/9/15 ئازادکرام,بۆ بژێوی ژیان دوکانێکی کوتاڵ فرۆشیم دانا تا کۆتایی ساڵی 1994 کە سەرەتای شەڕی شومی براکوژی بوو چەکدارەکانی براکوژی شەوێکیان دوکانەکەمیان تالأن کرد.

**** زیڤارناوی کوڕە بچوکەکەمە کە لە کارەساتی 1ی شوباتی 2004 دا کە تیایدا من قاچی ڕاستم لە سەروی ئەژنۆوە لە دەست دا ئەویش زۆر بەسەختی بریندار بوو تا ئێستاش برینێك لە قاچیا سارێژ نەبووە و ڕۆژانە خوێنی لێدێ .

**چەند لە پەرستگا دەچێ**
**ئەو نیشتمانەی من**

له ڕۆژه سهختهکاندا
خهندهی ئومێدیّ
ههناوی فێنك کردمهوه
نه بوومه کۆیلهی خیانهت
نه بوومه گۆشه گیری
ئازاره ڕۆح پوکێنهرهکان
ههمیشه وهك زهریاوانیکی
خولّقاوی ناو ستهم و ماتهم
ڕێگا سهخت و دوورهکانی عهشقم دهبڕی
باکم نهبوو به شهپۆلّه گومڕا و سیحر بازهکان
وهك نهیزهکێکی به جوانی تهسهللا
ڕۆحم پڕ بوو له بریسك و نهوا
له زایهڵهی هۆرهو
قهتارێکی مهست به بۆنی تهڕی لالهزار
ههرگیز نهمدههێشت ئهو دلّه ساویلکهیهم
به شهونمی سهر هێشووی ڕهزه پوکاوهکان فریو بخوا و
عهودالّی ههناسهی بخوردی سهر گۆڕه پیرۆزهکان بیّ
قهلّهمم له چڕین نهکهوت
نهوهکا ببم به بیّ سهلیقهترین



سەر قافلەی هەستە دوڕاوەکان
گەروم تەڕ وەك کانیاوەکان
قەتاری خەونە دزراوەکانم دەچڕی
تەلیسمی ئاگرم دەنوسیەوە
پاش خنکانی جەنگەڵەکان
لە نێو دووکەڵی شەڕە حەرامکراوەکان
جارێکی تر بۆنی ژیانمان بەخشیەوە بە خەڵوز
کەژاوەی سۆڵە چراکانمان گەیاندە جێ
لێزمەی ئومێدێکی وورشە دارمان
بە جادە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شار ڕاگەیاند
حیکمەتە ئەرخەوانیەکانی عەشق
زەریاکانیان پڕکردەوە لە نور
ئاسمانیان پڕکردەوە لە شەقڵن
سەر باڵی پەپولەکانیان پڕ کردەوە لە زەخرەفە
کەچی ئەوان
لەنێو تەڵەزمی چەخماخەی نفوراتەکان
دوورگە بڕست لێبڕاوەکانی تلیاك و
خەونە ئەفیونیەکانیان ئاو دایەوە
ئازارەکانیان ڕۆکردە نێو حەوشەی ماڵەکان و
تابوتەکانیان فڕێ دایە نێو دەریا

گفەی بایەکانیان تیژ دەکردەوە
لە قوتبی ساکە گوڕە شینباوەکان
پەرجوی کەیلی ئەفسونێکیان بە باڕژن دەتەنی و
ئاژاوەیان بە پێدەشتەکان وەردەکرد
شەڕ و خراپە و جنێویان
دەهاویشتە نێو ڕستەکان
بەهەشتیان لێکدی حەڕام دەکرد
سەرادوی لانەوازە بێدەرەتانە
باڵ هەڵوەریوەکانیان دەنا
تا پڕەکانیان پڕ دەکردە وە لە گومان
ژێرا و ژێر ژەهری نەگەڕانەوەیان
دەدا بە کۆترە سەر بە کلاوەکان
بە زمانی دەنکە شخارتەیەکی هیچ و پوچ
هەڕەشەیان لە خەرمانی بەری خوێن دەکرد
سیمای پڕ هەیبەتی چیاکانیان
بە چڕ نوکی نا ئومێدی دەڕوشاند
وورشەی نازیان
لە گوڵە ناز نازەکان دەسەندەوە
گۆرانییان بەتاڵ دەکرد لە خرۆشان
حەیرانەکانیان پڕ دەکرد لە فۆبیا

تەریدە چاو چنۆكە پول پەرستەكان
بۆنی غەزەلیان
لە گوڵە ئەفسوناویەكان دەقرتاند
باجیان لە جوانان وەردەگرت
رمڵی شەڕیان لێدەدا
گەر داوێكی تەژی تیغ و تاعونیان
بەسەر قۆپە نە گیای مێرگەكاندا دەباراند
ئیمڕۆیان كرد بە دوێنی و
چەرخی دەربارەكانیان ژیاندەوە
فویان لە كورەی دوژمن دەكرد
نەیانهێشت تێر تێر بەكامی دڵ
لە بەژن و باڵای حەسرەت لێ نیشتوی نیشتمان رابمێنم
نەیانهێشت بڵێم ئۆخەی ئازادی
چەند لە قەدوقامەتی یارەكەم تەڕتری
چەند لە ئامێزی دایكم گەرمتری
نەیانهێشت گوڵە گەنمی ئازارەكانم دروێنەكەم
ڕەونەقی گوڵزاری خەونەكانیان لێدزین
لێكیان ترازاند (( عەشق وئازادی))
ئێمە تەنیا حیكمەتێكمان بۆ بەجێما
((ژیان بە ئازارەكانیەوە جوانە ))

بۆیە بڕیارمدا هەمیشە
گۆرانیە بێباك و بوێرەكانی شەڕی مەرگ
لەسەر لمی لێوارەكان بنوسمەوە
تا قەتێو پاساریە دەنووك خۆڵاویە
بەجێماوەكانی گەرمیان
جارێكیتر تەفرە نەخۆن و
نەكەونە نێو داوی سورمەچنی
قەتار و ئای ئای ئایدۆلۆژیا پیرەكان
ئیتر دەبێ دەستی شەپۆلان بگرم و
سەر هەڵگرم
لە سەفەرە سنور بەزێنەكانی ئەودیو چارەنوس
هەمیشە خوا لەبیر نەكەم
لچكی فەقیانەكەی بگرم
نەوەكا لە نێو تەنیاییا بتوێتەوە وەكو مۆم
پێی بڵێم و لێی بپرسم
بارەكەللا ئەی تەجەلا ترین تەنیا
چۆنت گوزەراندو
ئاخۆ خوایەتی چۆنە لە ڕۆژهەلات
ئیدی منیش شەوان
چراییك جێناهێڵم لە تەنهاییا

نەوەك هەوەستی ئەفسانەكان
زەفەری پیٚ ببەنو
زگی پڕ كەن لە جادووی ژەنین
لە سەفەری ئەو عەشقە خواییەمدا
شەرابی وەها ئازارێكم نۆشی
تێگەیشتم ئێمە هێشتا
پێویستیمان بە هەستانەوەیەكی ترە
تەپوتۆزی پیرۆزیەكانی ئەسپەكەی ژەنەڕاڵ
لە ڕامانەكانمان داتەكێنین
بۆنی ئەو ئایدیا ئیستۆك و قەوزە كردوانە
لە ئایندەمان بسڕینەوە
چونكە ئەوان توێكڵی ئەفسانەكانیان
كردە چوارچێوەی بیر كردەنەوەمان
گێرامانیانەوە بۆ چاخە ترۆكراوەكانی بەربەریەت
ئەوەندە سكێچی تابوت و
پۆرترێتی جەللادە خوێن شیرین و
مۆتیڤی قامچی ئاگرین و
كۆتەڵی پڕ بزماری داغكراوی
سەحراكانیان بۆ نمایش كردین
ئەوەندە چەقاوەسوانە

ڕەچەڵەكی شمشێرە ژەنگاویەكانیان بۆ ڕاڤە كردین
وامان دەزانی ڕاویٚ عەقڵ و
ئابرو و ئایندەمان دەكەن
هەقایەتی لە تێنوا خنكاوی
نەیزەكە نەگەڕاوەكانیان بچووك  بچوك دەكردەوە
میزیان بە سروودەكان دا دەكرد
بە درێژایی مێژوو
وەكو حاتەم پڕ سەخاوەت بوون
لە ڕازاندنەوەی سفرەی بەڵێنە هەنگوینیەكان
تا برینە هەمیشە داگیرساوەكانی
مێژووی هەتككراو و
كورسی لەتكراو و
ئازادی پەتككراو و
نیشتمانی دوو لەتكراومان لەبیر بەرنەوە
ئایندەمان پڕ بوو لە دەست لە ئەژنۆ وەرهێنان
ڕابردوومان سواخدرا بە پەشیمانی
بناغەی خەونە لادێییە ڕەنگ پەڕیوەكانیان
لە بناری گەردەلولێك دامەزراند
سەری دەزوەكەی بەدەست نەهەنگێكەوە
هەرلێی دەخواو هەرگیز تێر نابیٚ

هەر خەریکی پەیژە دروست کردنە
بۆ ژێر زەوی و بۆ ئاسمانەکان
خۆزیا دەستێکیشی دەگەیشتە ئەستێران
ئێمە بەنگکراوین بە ئەفیونی عەزابێکی خۆماڵی
خۆشەویستیان تیادا کوشتین
بەهەشتی نیشتمانمان لێبوە بە تابووت
زێوانێکی بێ سەوادیان
لەسەر تەرمی ئایندەمان کرد بە پاسەوان
بەخەیاڵ شەرابی بەهەشتیان پێ دەنۆشین
بە هەناسەی فریشتان مەستیان دەکردین
پڕوشەی سەحەرێکی زیوینیان بە قیست پێ دە فرۆشتین
شکۆفەی ئۆخەییێکی ئاڵیان پێ ڕەوا نەبینین
نەیانهێشت گوڵینگە ڕەنگاڵەییەکانی خۆزگەکانمان
لەبەر هەتاوی ئازارەکانمان بدرەوشێتەوە
ناهێڵن دەرگای شەفەقێکی نارنجیمان لێبکرێتەوە
ئیتر چۆن لەو سارای نائومێدیە
هەستم وێرانتر نەبێت لە کەلاوەکانی با
چەند لە پەرستگا دەچێ ئەو نیشتمانەی من
هەرحەزی لە بۆنی سوتوی پەڕەی گوڵە
هەر دەبێ تا ئەزەل
هەر نزاو پاڕانەوەی تێدا فڕێدەین_
بەردەوام پەنجەکانمانی بۆ داگیرسێنین
هەردەبێ ئاهو نزولەی مەلولان
بە دیوارە مەڕمەڕیەکانی هەڵواسین
هەردەبێ گومبەتەکانی بەخوێن بشۆین
هەردەبێ چاو نز کەینەوە لە درودە نەزۆکەکان
هەردەبێ دەست پانکەینەوە
لە خەزنەدارە قرچۆکەکانی سوڵتان
گەورەترین کۆستی ئێمە
دژوارترین خەوشی ئێمە
نەبوونی پرسیارە
بۆئەو هەموو وەلامە دزێوانەی
ڕۆژانە دەبنە مانشێتی ڕۆژنامەکان
بۆ ناپرسین ؟!
کێ نێوانی مانگ و کانی شلوێ کرد
کێ بۆنی شەبەنگی لەو شاخانە دزی
کێ شعری فێری ڕیایی کرد
کێ جفرەی خەونەکانی یوسفی
بۆ براکانی ئاشکرا کرد
کێ هەستی فێری بەبەرد بوون کرد
کێ ویژدانی خەساند

کیٚ گوندەکانی لە نێو تۆز و غوباری

بەدنمەکانیدا دۆڕاند

ئیدی عەشقیش مگێزی نەما

جارێکیتر بڕژێتەوە نێو ڕەنگەکان

عاتیفەم کوژاوەتەوە

وردە وردە ڕەونەقی ئیمانم هەڵوەری

کە بینیم ئازاری برین و قوربانیەکانم

لێم ناپرسن ،نایێنە فریام

ڕۆژە دەرەوشاوەکانی خۆمم

بەو دەستانەم کفن و دفن کرد

درێغا کە سپڵە بوون

ڕۆژە جوانەکانی قوربانیدان

ئێستاش نازانین سەر بە چ بازاڕێکین

ڕامانەکانمان لە چوارچێوەی کام ئایدۆلۆژیا دەگرن

خەونەکانمان بە ئەتمۆسفیری چ ڕەنگیٚ دەسپێرن

بۆیە سرودەکان

ڕەنگی خۆڵەمێشیان کردە ڕیتمی سڕینەوەی خۆیان

تا نەوەکانی ئایندەش

بە دەردی ئەنفال و هەڵەبجە و

ئەفسانەکانی دی نەبەن .

## کۆڵانە دەیجورەکانی با

(1)

**زەمەن  باڵێکی لە ئاگرە و باڵێکیشی لە با**

(2)

**جەوهەری با لە گڤە گڤدایە**

**بۆیە هەموو کەژە پایزێ**

**باڵەکانی لە شاخ هەڵدەسوێ با**

(3)

**دەشێ ڕۆژێ**

**هەموو بونەوەرەکان لەدین وەرگەڕێن**

**تەنها ئەو نەبێ**

**هەرگیز پەرستگا سیسەکانی پایز**

**بەجێناهێڵێت با**

(4)

**با ڕقی لە دووکەڵ و غوبار و تەمە**

**دوژمنی غەور و لێلاییو**

**قولاّیی ئەشکەوت و**

**دارستانی چڕە**

(5)

**با ئەسپێکی باڵگرتووی**



قریشكەی سوتە مەڕۆی بیابانە نەبڕاوەكانە
با تەنها ئاوێزانی ئاگر و گەردەلول دەبێ

(6)
بنارێك نەماوە با كچێنی پێ نەدۆڕاندبێ
لێوارێك نەماوە
لە پانتاییەكانی عەشقی ئاو
با كوفرێكی لێنەڕواندبێ
تاكە ڕەشماڵێكیش نەماوە
با ئەستوندەی خۆشەویستی لێنەڕوخاندبێ
(7)
ئەوە بایە سپێدان زوو
هەزاران هەزار دڵۆپە شەونم
دەپرژێنێتە سەر گەڵا
نەوەكا خۆر پتر مەستو مەخمور بێ
لە لەرینەوەی لالەزارێكی گلاراو و بێ هەدا
لە سەفەری بڕینی زەمەندا بكێشێ بە كێوی هەورێكی غەزریوو
لێرەوارێكی بێباك پڕكا لە هاواری فەنا
(8)
شەوانە با
هەڵمی سێبوری دەپرژێنێ
بەسەر كێوو هەردا
سەر پەلكەدارەكانیش پر دەبن لە گەزۆی میهرو سەلوا

(9)
زۆر جار
لە بەرامبەر چڵە گوڵێكی خرۆشاو
ناتوانێ لەنگەر بگرێ با
نەوەكا نەقشو نیگاری
سەر باڵەكانی پەپولە هەڵوەرێ
(10)
زۆر جاریش
كە بۆنی باران دەكا با
مەپرسە چ حەشرێ بەو گوڵانە دەكا
چاوەڕێی بۆنی هەناسەی
تاكە پەپولەیێ دەكەن
شڵپەی باران باڵەكانی تەڕكردووە
تەفسیری خەونە ڕژاوەكانی لێقورسكردووە

(11)

دەفتەر ڕەسمەکانی با

پڕن لە کەلاوەی وێران

لە ساباتی ڕوخاو لە نەمامی تێکشکاو,

لە هێلانەی داڕماو

لە جەمەلون و تۆتیای فڕیو

لە کۆلارەی بە دارتێلەوە گیرۆدە

لە کوخی داتەپیو

(12)

سەرسەختترین دوژمنی سروشتە با

(13)

لەهەر کوێیەك

بۆنی پەڵە هەورێ بکا

پیلانێکی چڕ دژی درەخت و

گوڵو جوانیەکان ڕێکدەخا

لەگەڵ نەعرەتەی هەر ووژەیێ

تاڵترین تابلۆ دەنەخشێنێ با

(14)

با دەچێتە نێو ئارەزووە خرۆشاوەکانی دێڵە بە با

(15)

با لە تاریکیدا نەرمتر ڕێدەکا

بەسەر خاکە فەرامۆشکراوەکاندا بازدەدا

ئای کە توڕە دەبێ با

وەك نەهەنگ زەریا شەقدەکا

(16)

با لەگەڵ هەور جووتدەبێ

گیرفانەکانی زەمین

پڕ دەکا لە ئەفسانەکانی ئاو

(17)

لە فەرهەنگی سیاسەتدا,تەنها بایە

بێڕەنگترین ئایدۆلۆژیا

نە جەماوەری هەیە نە بارەگا

جارجارە وەك دیکتاتۆرە چنگ بە خوێنەکان

هەر بە فیکەیێ

دارو بەرد, تاوەرو پرد

کوخت و تامان

گوند وشاریش وێران دەکا

(18)

بەهارانیش با دەبێتە مایسترۆ

بۆ ژەنینی

سیمفۆنیای هەناسەی گوڵە گەنمە
تازە باڵا کردووەکان
لە سروتی کەروێشکەکردندا
لەسەر ئیقاعی سروەبا
هەموو پێکەوە دەکەونە سەما
دەشتی ناو دەغڵان دەبێتە ئۆپێرا

(19)

بای شەماڵ
پەیکی شارەزا بەرێگای مەحاڵ
تەتەری ئازارە پڕ سفتوسۆکانی رۆح
نامەبەری دڵدارو دڵبەری
عەشق و ویساڵ

(20)

کزە بایێ
پەنجە تەڕەکانی
بەناو قژی گوڵێك داهێنا
گوڵ بەئاگا هات
بایەکە بزەییێکی بۆکرد و ڕۆیشت
ئەدرەسی گوڵەکەی دا بە پەپولان

(21)

هەروەك و قابیل و هابیلن
ڕەشە با و شنە با

(22)

با تابووتی ئەو وردە گەڵایانەیە
زستان خوێنیان دەمژێ و
سەرما لە پەلو پۆیان دەخا

(23)

من هەرگیز حەوسەلەی
هاوڕێیەتی زەریام نیە وەك با
کە شەو و ڕۆژ سەرقاڵە
بە کوشتنی عاتیفەی باران

(24)

حەزە پڕ فاکوفیکەکانی با
ناهێڵن بەرد پیربێ لە بێدەنگیا
ئاو دەڵێ بێدەنگی کراسێکی خۆڵەمێشیە لە ژاکان
جگە لە بەرد هەر کێ لەبەریکا
دەبێتە قەنگە لاشکی دەمبا

(25)

با ئاوێتەی بەفر دەبێ
زمانی دەبێتە گوێزان,چڕنوکەکانی دەبنە کارتیخ

دەمو چاوودەست و پەنجە
شەقار شەقار دەكا زریان
(26)
نەكەن لەگەڵ با بچنە سەفەر
نەكەن هیچ خۆزگەیێ بە با بسپێرن
دوایی دەبنە مەسخەرەی گورگان

(27)
لە ڕێبەندانێ مەكەوەڕێ
با هەڵە تەت دەكا
بەرەو چاڵە بەفرینەكان
بەرەو بۆنی برسیەتی گەلە گورگ

(28)
تەنها كێوی بابڕ
ناچەمێتەوە لە بەرامبەر
نەعرەتەی پڕ نەفرەتی با
(29)
شنە بایێ
نیشتە سەر قە رسیلی بەرمالآن
ئەو گوندەی پڕكرد لە جیلوە و نەوا

(30)
شەوێكیان نمە بایێ
چووە ژوانی قانە گیایێ
تا شەفەق یەكتریان بۆنكردو
خۆیان لە یەكتر هەڵسوی
كاتێ بەئاگا هاتن
هەموو گیانیان خڕۆشاو و تەڕ
وەك هەناسەی ئەقاقیا
(31)
باییێكی بێ نمود
خۆی نزیك كردەوە لە چڵێ نەعنا
بە ئیشتیاوە دەیویست
خۆی تێ هەڵسوێو ماچیبكا
لە پڕێكا باڕژنێ دایكرد
ئاگری حەزی باكەی كوژاندەوە

(32)
زۆربەی سالآن
بای سۆر
خۆی لە دارو درەخت و گوڵ لولدەدا

له تاوان فێ دەگرن

چونکە دەزانن

ئیتر دەبن بە پوشو پەلاَشی با بردەڵە

(33)

هێشتا نازانم

لەکوێ دەخەوێ با

کەللەم پڕ بووە لە بای گومان

کێ دەڵێ هەناسەی خودا نیە با

(34)

دەڵێن ڕەشەباش

فریشتەیەك بووە و

نەفرەتی لێکردووە خودا

بۆیە لەوەتەی هەیە هەر بەسەر کۆتی و

پێخواسی غاردەدا

(35)

کێ دەزانێ بۆ ؟

هەمیشە دوژمنی سوڵە چرایە با .

(36)

ئەو سەردەمانەی تۆ خوداوەند بووی ئەی با

ئاخۆ وەکو ئێستا

بێمروەتی بەرامبەر بونەوەرەکانت دەکرا ؟

ئەو کاتیش شەهیدەکانی با

پەرێشان و پەشیمان و ڕوّح پەژموردە بون وەکو ئێستا .

(37)

موجاهیدێکی

داوێن تەڕ و شمشێر بەدەست و

بێ تەقوایە با

(38)

لە بەرەبابی (با)شدا

ئەهلی چاکە و ئەهلی خراپە هەن

وەك بای وادەو ڕەشەبا

(39)

پێم خۆش نەبوو

بۆ جارێکیش میوانداری با بکەم

یان جگەرەیەکی لەگەڵ بکێشم

با ناهێڵێت

لەزەت لەو مۆتیڤانە بکەم

کە دووکەڵی جگەرە نەخشیان دەکا

(40)

هەرگیز حەزیشم لێ نەبوە

**با بهێنمە ناو شیعرەکانمەوە**

**بەڵام باداری ناچاری کردوم**

**چونکە با چۆتە ناو شادەماری خوێن و**

**موولولولەکانی لەشمەوە .**

(41)

**ڕەگی با لە ئیماندایە**

**کەواتە (با)یش نوقوستانە**

**پێکی هیچ کەسێ پڕ نیە لە ئیمان .**

(42)

**نەرمە بایێ**

**یاری بە تاڵە زەردەکانی**

**قژی کچێکی نەشمیل دەکرد**

**کچە وایزانی ئەوە دۆستەکەیەتی**

**لەپەناوە یاری لەگەل دەکا**

**دوگمەی کراسەکەی ترازاند**


**گوتی وازلە قژم بێنە کوڕەتیو**

**وەرەوتاوێ لەنێو مەمانم بسرەوە بۆخۆت .**

**هەولێر** 2007

## به یادی جاران

ئەی نیشتمان
چەندە هیلاك و پەژموردە دیاریت
لەبن دیواری خەونە کوژاوەکان
تۆش وەك ئێمە مانان
ئەو سەردەمە خۆشانەت لە کیس چوون
لە نێو خانووە قوڕەکان ...
بە زگێکی نیوە برسی
بەدیار مەقەڵەیەکی پڕ پەنگر و بەڕووی تەقیو
ڕوانینمان چرای عەشقێکی سەرمەدی بوو
ڕۆحمان مەرکانێك بوو
پڕ لە ڕەشە ریحانەی بەرائەت و
کەچی ئێستا لە نێو ئەم مەسخەرەیە دا
شیعریش بۆتە سارایێکی نەبان
دەستی ناڕوا ...
تۆزێ فێنکایت پێ ببەخشێ
بە یادی جاران .





زڕە خەون

**شەوێکیان**

**چومە نێو بێستانی خەونێکی تەڕەوە**
**بەر لە من دیار بوو**
**تۆ لەوێ هەر ڕووت ڕووت**
**جوانتر لە مانگێکی نێو کانی**
**لە ژێر ساباتی حەسرەتە پیرەکانما ناسك ڕاکشابووی**
**گوتم ڕێکەوتێکی شیرینە**
**هەر لە شیعر دەچێ**
**گوتت نا**
**پڕوشەی بۆنی جوانیمە وا**
**ڕژاوەتە نێو ڕۆحی بێ هەدا دانت**
**چەشنی ڕژانی بۆنی نوور**
**لە فەنتازیای تەنهایی خودا**
**ویستم بێن بە جوانیەکانتەوە بنێم**
**ئەو خەونەم پڕکەی لە سیحر و نەشئەو نەوا**
**چەمە پڕ خڕۆشیەکانی جەستەی وەك کافورت**
**پڕکەم لە خۆشاوی نرکەو ناڵەی ئەلها**
**تۆش ڕۆحم پڕکەی لە عیشقی خودایی**

**لە جیلوەی جواناوی ماهی فەڕ**
**دەمم نا بە هێشووی**
**جووتە لێوی تەڕ**
**بەهبەهـ چ حەشرێکیان پێکردم**
**کلێپەو پەڕەنگی جوتێ مەمکی سرك وڕام**
**ڕۆحم چەشنێ بەڕوی ناو پەنگر**
**ئارەقەو هالاَوی شەیدایی دەردەدا**
**تۆش شەلاَلَو مەست بوی**
**بە چوڕاوگەی هەڵمی خڕۆشان**
**بەلێنمدا هەتا هەتایە**
**بۆنی عەتری هەناسەت**
**لە سروتێکی بۆندار بە بخوردو شیعرو تەڕاتیل**
**بکەم بە تەوتەمی ئیمانم**
**وەك مسك و زەمزەم و سەلسەبیل**
**بەلاَم تۆی شاجوان**
**سۆناتا داگیرساوەکانی ئەم عیشقە ئەزەلیەت**
**کردە تابلۆییێکی شەبەنگ**
**هێنات و بۆمنی بکەیتە دیاری**
**لە دەرگای ماڵەکەمانت دا**
**منیش زۆر بە توندی لە ناو جێگا دەرپەڕیم**
**وامزانی لە هەڕەتی بەر لە یەکی شوباتمو**
**دڵگەرمم و ناپرینگێمە وە لە هیچ**

نە دارشەقم لە بیر بوو نە  قاچی بڕاو

شڵب کەوتم بەلایەکدا

ئەوسا زانیم ئەوەی ڕویدا ڕوی نەدا

هەر خەون بوو


ئەو خۆشیەشم

ناچێتە ناوهیچ  ئەلبومێکەوە .

## هەڵوەرین لە هە ڵوەدایی

## قەتارێکی شین

کەتۆ دەڕۆی
مانگ لە خۆشیانا خەنی دەبێ
بەکامی دڵ پێدەکەنێ
منیش ئەم هەواڵە  وێرانم دەکا و
حەرف لە نێو شیعرما ڕادەچەنێ
ڕۆح لە شوێنی خۆی هەڵدەقەنێ
دڵنیابە
لە ئەتلەسی پڕقانە گیا و لالە زاری ئومێدما
دەشتێك برین جێدەهێڵی و
لێڵ و غەورین و بێواز دەبێ ئاسۆ
بەم لێکترازانەی رۆحم
لە شەو چراغی نیگاری تۆ
کز کز دەسوتێم وەك سەمەندەر
لە ساکە گۆڕی تەنهاییما
هەڵدەپروکێم کە لێم دەبڕێ
شکۆفەی وەجد و سروەی ویقاری تۆ
بێ کەیلی دڵ
تروسکەی مانایێ نامێنێ بۆ ژیان



دەرگای چ سەقەرێکی پڕ غوربەتت لێکردمەوە
نیگا فەنەر, لێو دەنکە هەنار
سوتانی یادەوەریەکان
لە پێکەوتنی ئەستێرە
کوێر بونەوەی چراوگ و
ڕژانی فرمێسکە نەگەییوەکانم
نەیهێشت ڕەونەق لە چاوانم هەوری لار
خنکانی ئاو لە پێدەشتی شەوێکی زیوین
ئایندەم دەبێتە لاوکێکی تۆقیو لە نێو قورگی ووشکی با
بۆ بۆ واتکرد مەزەدار !
ئەستەمە لە دوای تۆ
که سێکی تر بتوانێ
لە باڵکۆنی هەستی کوژاوەم
سەحەرێکی نارنجی دا بگێرسێنێ
تا دەرنگانی دوێنێش
بە شنەی خەندەو پێکەنینتا
هەر پەنگرت دەهاوێشتە
نێو ئاگردانی ئەو عیشقە خواییەم
بۆیە لە سایەی عیشوە و جوانیتا
من درەخشانتر دەسوتام

تازە شوعلەی نیگاری
چ نازدارێکی تر دێتە فریام
زاڵمانە پەرتت کردم
نەشمزانی لەبەرچی وا لەهیکڕا بەم دەردەت بردم
من زۆر زۆر ڕەوان بوم لە فیقهی عەشقدا
ململانێ ی ئاو دەکەم لە بەرائەتدا
کەچی هەر نەتوت کاڵتر بەوە ئەی غوربەت
ساردتر بەوەی ئەی ئاگر
بێباکانەتر بڕژێ ئەی ئەشکی قەتیس
گەر دوا بڕیارەو هەر دەرۆی و دەڕۆی
وا بڕۆ گوڵم
دڵی فریشتەکان بە تاڵکە لە فۆبیا
خوا بێنە زەر دەخەنەیەکەوە
با ببینێ من بەبێ یار
لە ئەفسانەکانی بەرد دەچم
هەناسەم بۆنی تەنهایی ئەوی لێدێ
بەڵام من نەیژەنێکی کۆنترم لە خوڕەی ڕوبار
ئەشق خوانێکی دڵ کراوە ترم لە تار
ئیتر لەمەولا
دەبێ هەر تاری تەنهایی و

نەی جودا بونەوەی تۆ بژەنم

دەبا بزانیٚ خودا

مذیبیٚیارو بیٚ هەمنشین و کەیخودا

تەنیا ترم لەو


ئیٚستا من بیٚباکترم لە با

گومڕا ترم لە ئاگر


سارد و سڕ ترم لە بەفر .

## هاوکیٚشەیەکی نەزۆك

پیره مێردێکی بڕست لێبڕاو
له پاڵ لا دیوارێکی لا ڕماو هەڵتروشکا بوو
چیلکه داریٚ بەدەستیەوه
له سەر زەوی خەت خەتێنی دەکرد
خەتێکی دێنا و خەتێکی دەبرد
هەرچۆنیٚ لێکی دەدایەوه
وەك ئەوەی گیرفانی کون بیٚ
هیچی بۆ نەدەمایەوه
ڕۆ چوو بووه نێو چڵپاوی قەیرانەکان
وشەیەکی ئاو ئاسا
تێنو شکێنی دەست نەدەکەوت
مەراقه تۆخەکانی خۆی پیٚ ئاو بدا
به ڕیتمی بەرد
لەگەڵ نەگبەتیەکانی خۆی دەدوا
چونکه پۆرترێتی خەونه ڕتوش نەکراوەکانی ئەو
بۆ نێو چوارچێوەی ئەم فەزا ئاڵتونیه نەدەلوا
سەد هەزار نەفرەتی دەکرد
له لۆژیکه کەڕوو کردووەکانی ئایدیۆلۆژیا
چەند ناکۆك و لەیەکتر دوورن



رەفتارە شەڕانگێزو خودخازیەکانی شار و
بەڵێنە هەنگوینیەکانی سەردەمی چیا .
ئەیلولی 2006



# پەنجەرە داخراوەکانی
# ڕۆژگار

( 1 )

چاوگی ژیان

له جوانی تۆدایه

ئەی ئەو ژنەی هەموو شەوێ

بەدزی و زیرەکتر له با

ناهێڵێ خشپەی گەلاّیێ بێ

دێی له نێوان من و ژنەکەما

سەرمەستانه ڕادەکشێ ی

ڕۆحم پڕدەکەی لەنازنازی سەفا

( 2 )

دەزانم دێ ی

بەلاّم ئەفسوس

که دێی لەگەڵ فرمێسکا دێی

له گەڵ هەڵوەرینی باڵەکانی پەپولەو

ئازارەکانی گوڵ و

له گەڵ کوژانەوەی

خۆزگە پەمەییەکانی ناو پەراسوی مانگەوه دێی

تۆ له زەمەنێکدا دێی

زەمەن حەزی له سڕینەوەی خۆیەتی

ئاگر حەزی له یاری کردنه به پڕوشه تەوتەمیەکانی ئاو

با حەزی له شکاندنی لالەو

کوژانەوەی چرا و

ڕژانی کەڕامەت و

چلك کردنی جوانیه .

( 3 )

هیچ گومانم نیه

که خوایەك بتوانێ خوایەتی بکا

دەشتوانێ زەریا و شاخ و ئەستێره و مامز , بخولقێنێ و

جەستەی پیاویش له قوڕ دروست بکا

بەلاّم عەقلی ڕەها

بەد گومانم دەکا, ناهێڵێ بڕوابکەم

جەستەی ژن

له شیر و شەراب و هەنگوین و

چنگێ نور دروست نەکرابی

( 4 )

لەوەتەی دەستمان گرتووە
بە کۆڵەگەی ئیمان
ڕەگی تابوتێك ئاو دەدەین
مانگ لە ناویا ڕاکشاوە
لە ڕولاواز و کەلەللا
کاتێ ئیستاتیکای مردن شیکار دەکەین
نازانین کوێی زووخاوو زەرەند نیە ژیان
کوێی پڕ پرسیار نیە فەنتازیای خوایەتی

( 5 )

برینی گوندە ڕەنگ پەڕیوەکان
خوێنی شیعری لێدا ناچۆڕێ ئێستا
هەناسەی حەسرەت باری منالە شەهید سارد و سڕە
شیعر هالاوی حەرفی لێ قەرز ناکا ئێستا
عیشق سەد بوختانی گەورەی بۆ هەڵدەبەستێ
لە دادگا شیعر پارێزەری بۆ ناکا ئێستا
دەیان (دوعا) هەتك دەکرێن و زیندەبەچاڵ دەکرێن
شیعر سروتی لاواندنەوەیان بۆ ناگێرێ ئێستا .

( 6 )

گوڵێك مەرکانەکەی پڕکرد
لە عاتیفەی جریوە و نەغمە
لە وورشەی ئیشتیها و
گڕی ئیرۆسیەتی خۆر
لە ئارەزووی خرۆشاوی
مینا ڕەنگی خوڕەی ئاو
سەر پەڕەکانی تەژی کرد لە شنەی شەونم
بەلام خۆی بە دوورگرت
لە بیرەوەریەکانی پایز
لە ئازارە رۆح پوکێنەرەکانی با .

( 7 )

لە ئاوێنەی کانیێکی لە بیر کراو دا دەبینم
هێشتا هەستی شیعرم
لە نێو لەپی با دا دەسوتێ
با پڕ بووە لە دەمە شمشێر
کات پڕ بووە لە گومان

ئیمان خلیسکاوەتە نێو سیاسەت
زمان پڕبووە لە لاڵی
ژیان لێوانلێوە لە گۆرانی نەگەییو

( 8 )

کە منداڵبووم
ئەگەر شێتێم بینیبا
زوو بە زوو خۆم
لە ژێر عەباکەی دایکمدا دەشاردەوە
نەوەکا مۆڕەم لێبکا و
بمترسێنێ یا لێم بدا
بەڵام ئێستا
لە ترسی ڕیشدارە مەغۆڵەکان
لە ژێر پاڵتۆی کام ئیمانێ
خۆم حەشاردەم تا بمپارێزێ
لە گوناهە تریفە ییەکانی شیعر ئەی خودا

( 9 )

ئاخۆ کەی جارێ
شاپەڕی بەسەر عەرشی تەفرو تونی
خۆزگە پیر بووەکانی منا بخشێنێ هوما
ئایندەم پڕکا لە شیلەو
پرتەوو لەعلو سیمین و تەلاَ

(10)

شەوان دوو مۆم دادەگیرسێنم
مۆمێك لە حەرف و
ئەوی تریان مۆمێك شەڕاب
بەیانی بە ئاگا دێم
شیعرێك بە تەنیشتمەوە ڕاکشاوە
وەك شۆڕە ژنێکی تەڕ
لە ناو لە زەتدا خومار

( 11 )

دەستێك پەڕ پەڕ گوڵێکی ئاڵی هەڵوەراند
من نازانم گوڵەکە ئازاری هەبوو یان نا
چونکە هەرگیز ئەو نەگریا
بەڵام بولبولێکی شەیدا
لەولا ڕاهات و بە توندی
خۆی بە چاوی خاوەن دەستەکە دادا
چاوەکەی کوێر کرد و
خۆیشی لەوێ

# پەرجوی خودایی



شۆڕە ژنێك لە نێو دووكانەكەمدا
ساواكەی باوەشی گریا
ئەویش زۆر بوێرانەو بە شێنەیی
مەمكی دەرهێنا و
خستیە نێو دەمی منداڵەكەی
من دەمم بەش بووە و چاوم ئەبڵەق
لە بەرامبەریا ڕەقڕاوەستام
نازانم ئەو چەند چركەیە شێتو ووڕ بووم
یا هەر حەپەسام
هەستم كرد بوومەتە مۆمێك و
لە بەردەم عیسا و مەریەمدا دەسوتام
هەر لەو ساوە هەتا ئێستاش
ئەندێشەو هزرم,چاوم , ڕۆحم
بەو گرتەیەوە پەیوەستن
هەتا ئێستاش بە ڕەنگی پەرجو ئاسای
ئەو تاكە مەمكەوە مەستن
نە شیری دەمی منداڵەكە
نە بەفری قەندیل
نە پەڕەی كاغەز
نە لۆكەی ناو قۆزاخە


نه مرواری ناو دەریا

نه سپی بۆخۆی

هیچیان وەك مەمكی ئەو ژنه سپی نەبوون

سپی بوو سپی نەبوو

مشتێك بوو له نوور .



**گەڕانەوە بۆ سروتەکانی**

**ئاگر**

کەون دەشتێك بوو لەئاگر
زنجیرە چیاییێك لەنوری بۆن بخور
ئاگر یەکەمین ئەفسانەی زیندەگی و
یەکەمین کلاَورۆژنەی عەشق و
یەکەمین رێژنەی سوتان بو
لەگوڵشەنی نیشتمانی چیاو
خەرەندو جیلوەی جینانی بیّ ّسنور
ماڵێکمان هەبوو لەئاگر
یەزدانێکمان هەبوو لەنور
ئەو خۆشی دە ویستین و
ئێمەش سوژدەمان بۆدەبرد
ئەو دەیپاراستین
لە خێوو دڕندەو شەڕو زریان
ئێمەش نوێژمان
بۆ فەنەری نیگاو
مەشخەڵی بەژن و بالاَو

چرای چاوو
بریسکانەوەی ڕومەتو
شەبەنگی کەمەرو
پڕوشەو تریسکەی پڕ ڕەونەقی کەزیەکانی دەکرد
ئەو فێنکترین سروتی دلارامی و
ئارامترین هێلانەی گیانم بو
کە لەبەرامبەریا رادەوەستاین
دڵمان دەبو بەمێرگێکی کوێستانی سەکران
سەرمان دەبو بە کەوو سوێسکەو
لەخۆشیا لەشەققەی باڵیان دەداو دەفڕین
رۆحمان دەبو بە پەپولەو
هێندە بەدەوریدا دەسوڕاینەوە
تا باڵەکانمان هەڵدەپڕوکا
ئاگر سومبوڵی عەشقی پڕ جوانی و
شەوچراغی جاویدانی ئێمە بوو
ئاگردان رووگەی شیعرو لاوك و حەیرانمان بوو
چرا ئاوێنەی ئایندەمان بوو
ئێمەو ئاگر ئەوەندە تێکەڵ بووین
وەك دەریاو کەنار وابووین
وەك گیاو باران

به رۆحی یەکتر ئاشنابوین
من دڵنیام
زەریاش پڕیەتی لەئاگر
ئاگرێك نەیدەویست کسپەی ڕۆح
بترازێنین لەزیبایی ئەو
ئاگرێك مردن ساردی ناکاتەوە
ئاگرێك جوانی جۆشی دەدا
ئاگرێك عەشق خۆڵەمێشیەتی
چەند سەختە یاریکردن بە عەشق و
ترازان لە هەڵوەدایی گیان و
پەراوێز بوون لە نزاو دروودی ئاگرو
تێنەگەیشتن لەشەوقی لالەیێکی ڕەسیدە
ئێمە خۆر بانگی کردین
تیربارانمان کرد تا مەرگ باران کراین
باران نم نم تەڕی کردین
بەقێزەوە ڕومان لێوەردەگێڕا و
هیچی لێ تێنەدەگەیشتین
با پەیامی خۆی بۆ خوێندینەوە
زوو لەناو کونەدیواران سندممان کرد
بەرد بێدەنگی خۆی بۆ نوسینەوە
فێری گریانمان کرد
ئێستاش ئەو لەسەر تەرمی
وون بووی ئێمەدا دەگری
بیابان بەخۆی و سەدهەزار سواری
دەست ڕەش و رۆح دەیجوری
پیێ پان و لچ ئەستوری
بارگاوی بەتیرۆر
سەدهەزار تیرو شمشێرو
مەنجەنیقیان بەسەر وەرکردین
گەردەلولی مەرگ و خوێن
تۆفانی ترس و تەور و قین
ڕەشەبای دۆزەخیان
ئاراستە کردین
بیابان لمی کردە نێو چاومان و
تەفرو تونیان کردین
ئاگریان لەئێمەدا کوشت و
ئێمەیان لە ئۆلی عەشق وەرگێڕا و
قەلاکانی فەجرێکی نارجیمان
گۆڕیەوە بە خیوەتگەی خۆرئاوابونێك
ڕەش ڕەش وەك نابینابوون

پەرتو ماتو دژوار
وەك دواهەناسەی
پۆلە ریشۆڵەیەکی نێو تۆڕ
خۆمان داتەکاند لەهالآوو لە کڵپەو
لەبڵێسەو شاپڵیتەو لەتروسکایی
لەجواناوی جیلوەی نورو
نوری جیلوەی کوانو
خۆمان بەخۆڵە سۆر شوشت
رۆحە مەخمەلیەکەی مەلەك تاوسمان رەنجاند
پەلکەزێڕینەی حەرفەئاگرینەکانی
رۆحی دلآرامی مەلەك تاوسمان گۆڕیەوە
بەنەفرەتەکانی بۆنی هەناسەی ئیبلیس
ئەوسا ئێمە ڕسکابوین
لەنێو عەشقی پڕ لەشەهدی خودایی ئاگر
ئاگرێك لێوانلێو لە دروودو زیبایی
لە مبهری ئەودا گەرم دەبوینەوە
مەستی کردبوین لەدڵنیایی
سامڕەندو ساراو لالشو ئاگری
ئێستاش بۆنی ئەو رۆژانەیان لێدێ
ئێستاش سێبەری پڕنەشئەی ئاگرێ

لە (ئاگری)دا سەرهەڵئەگرێو
لە (جودی)دا حەرفە گریاوەکانی ژیان
کۆدەکاتەوەو
بەرەو لالش هەنگاودەنێ
بۆیە لەشکری رەشی رقی بیابان
نیشتۆتە سەرشانی مەراقێکم و
بەرسینگی هەموو جوانیەکانی لێگرتووم
ژیانی لێ قوفڵ داوم
ئەتڵەسی هزرو بیرکردنەوەمی درویێنەکردو
کاکۆڵو پەرچەمی کاژەکانی ڕەهایی هەڵپاچیم
من ئێستا بێ ژیلەمۆو بێ تروسکەو
بێڕوناهیم
لە کائینێکی بێدەنگو رەنگ دەچم
لەهەموو شتێکی بێ سود دەچم
گوناهی خۆمان بوو
لەئاگر هەڵگەڕاینەوە
لەگەڵ بابەلیسك ئاشتبوینەوە
سەدان ساڵە
ئێمە لەخەوێکی قوڵداین
*        *        *

(2)

لەئازاری چراییێکی خامۆشدا
پەپولەیەك باڵەکانی  ووشك بوونەوە
ژیان بۆنی خۆڵەمێشی لێدەهات
لەم کەڤاڵە پڕ زێمارو وەریوەدا
بینیم قەدێکی نیگەرانی هزرم
رەگەکانی لەنێو پەنجەی بادا دەسوتێن
لەگەڵ رامانەکانی ئاو هوشیار بوومەوە
گیاش لە خەوهەڵسا
کەزیەکانی لەناو تەپوتۆزی مەراقێکما
ئالۆزکاو بوو وەك لاوکێکی خوێن لێداچۆڕاو
زانیم من لەزەڵکاوی هەڵەیەکی دڕکاوی دەژیم
ئاگر برینەکانی کولاندمەوە
دەبێ من و ئەو لەشەوێکی زیویندا
بەیەك بگەینەوە
یا لەهەورازی سپێدەییێکی
خەتمی نێو ڕنو بەفرا
دەست لەملان بینەوە
دەبێ شاخ بەزمانی ئاور بدوێ
عەشق ببێتەوە بە چراوگی ژیان
مانگ تەکبیرم بۆ بکا
ئاو بەری رقی بیابان بگرێ
پڕ شەوق و بەرق و شەبەنگ بێ نیشتمان
تەژی وورشەو پەڕەنگ و
ئاورینگ بێ رۆحمان
تا قاچێکی نەبڕیمەوە خودا
نەمزانی من لەجەهلدا دەژیم
ئیتر نازانم کەی لەو نیگەرانیەم تێر دەبێ خودا
ئەو بەخیلیە تاکەی زەمین
بۆ بستێکی تر بەژن نادەیتە گیا
تا تەوەرێك بکەینەوە بۆ ژیان
ڕۆژانە هەڵدەوەرێین وەکو گەلاَ
بەفر زێمارم دەخوێنێتەوە بۆ چیا
گیا نەهێنی یە ئاشکراکانم
دەچرپێنێتە گوێ ی بەرد
نازانم کەی لەو بێئومێدیەیە دەگەڕێمەوە
کەی لەو بێنیشتمانی یە
بەتەپۆڵکی یالێك دەگیرسێمەوە
لەو پڕ ئیمانییە

کەی چڵێك ئاگر
دەکەمەوە بە پیرۆزترین سروود
کەی مەعبەدێك
دەکەمەوە بەجوانترین پەنا
پەنامبدە ئەی ئاگر
ئەی زمانی ململانێی خوداو مەخلوقەکان
بەس ئەمجارەش دەستم بڕوا
من بلێسەت دەکەم بەتارای شاخ
نێڵە نێڵت دەکەمەوە
بەفێنکترین سروود
هاڵاوت دەکەم بە قەیاغ
ڕەنگە جوانەکانت دەکەم بەئالآ
ئەی یەزدانی سیما پڕ تەجەللا
ئەی پاکیزەتر لەئاو
ئەی میهرەبانتر لە بەرد
ئەی پڕ سەبوریتر لە با
ئەی دلۆڤانترین خودا
ئیتر لەمەولا
من شەیپوری گەڕانەوەو
بەیەکگەشتنەوەم لەگەڵ تۆ لێدەدەم
ئیتر عاریفانە دادەگیرسێم
ئەی تانو پۆی یەقین
ئەی شاهی موعەللا
بە میزاجی پڕ میهرو نورت قەسەم
لەوەتەی لەتۆ دابڕاوین
لەدەریاییێك دەچین
پڕ شەپۆلی شکاوو بێ کەنار
لەئاگردانێکی کاول‌و پڕ خۆڵ دەچین
داشۆڕاو لەعیشق‌و درووی مەلەك تاوس
لەنیشتمانێك دەچین
بسمیلکراو لەتوڕەیی خودا
لەچیاییێکی ڕوتەن‌و قڕوقات دەچین
لەتەنیاییدا پەنابەرین
بۆ شەققەی باڵی کۆترێکی پەڕ بەخوێن
ئیتر دەچمەوە نێو خەونە شیرینەکانی میدیا
چیتر بۆنی باران لەبەر ناکەم
ناولەپم حەنایی ناکەم
بەئاونگی شکۆفەی باغ
دەچمەوە نێو وردەکاریەکانی
ئەنگۆرەی چلچرایێ کەروێشکە دەکا

وەك پێدەشتێکی پڕ ڕوناهی
پاراو بەخەندەی پەلکە گیا
رابڕدوم پڕ میحنەتە لەبێ تۆییدا
ڕووشم نیە نا
چی بەو پۆلوە خامۆشانەی نێو ئاگردانی رۆحم بڵێم
چی بەو تروسکە کزو لاوازانەی چراوگی هزرم بڵێم
چۆن ڕوو لەکوانو بکەم
گەرمم کاتەوە لەو سەهۆڵبەندانە سەقەم‌و وەیشومەدا
چۆن خۆم دەربازکەم لەم خورافاتە پڕ نەهاتە
چۆن ئەم سەرابە تێکبشکێنم
چۆن دەگەمەوە عیشقە جاویدانیەکەی مێژووم
چۆن ڕەش‌و سپی لەیکتر جیادەکەمەوە
مێشکم پڕە لە نوکە ڕم و دەمە شمشێر
سەوڵێکم پێ نیە لەنور
چۆن لەو جەنگەڵە ئاوییە دەپەڕمەوە
فانۆسێکم پێ نیە لەپڕشنگی خودا
چۆن ئەستێرەی نەزۆك
لە قەقنەسێکی ئاوس جیابکەمەوە
لەم بیابانە ووشك‌و برینگەدا
چۆن لەحیکمەتی خوڵقانی خۆم دەگەم

ئیتر دەبێ لەفێنکایی عشقی ئاگر
چەترێك دروست بکەین
بۆ خۆشەویستی ئاگرو
تێکەڵبونەوە لەگەڵ جوانترین خودا
کەلامی  ئاگر بکەین
بەوێردی عەشق‌و تەڕاتیلی سەفا
زەمەنی عیشقی نهێنی بەسەرچوو
دەبێ رزگارمان بێ لەم ڕاڕاییە
یا دوورترکەوینەوە لەئاگر
یا جودابینەوە
لەبەهەشتی پڕ هەژمون‌و تارتاری خودا
تاکەی حەسرەت هەڵکێشین لەدوورەوە
بۆ پڕوشە لوئلوئیەکانی هەلأیسان
بۆ باوەشی پڕ لەسۆزو دلۆڤانی ئاتەشگا
من لەمڕۆوە جودا دەبمەوە لەئیستام
جودا دەبمەوە لەبا
لەباران‌و بەرد
ئینشیقاق دەکەم لەبیابان
دەبمەوە خۆم ,خۆمی جاران
مەدەد ئەی نوری خودا مەدەد

لەرامانم مەیلێکی تۆخ هەیە بۆ گەڕانەوە
من لەپەنای درودەکانی تۆ
ڕەها دەبم
چ قودداسێکی خوایانەیە رەهابوون
ئەمجارەیان ئەگەر
باران سەرم کون کا
هەرکیز پشت لەئاگر ناکەم
ئەگەر با بمرفێنیٚو
بمباتە بەردەرگای دۆزەخ
جگە لەئاگر قەتوقەت
روو لەمیحرابی
هیچ خواییێکی تر ناکەم
گەر بروسکەو گرمەی هەور
جەستەم شەق کەن
تیرو تەورو شمشێر
لەناو رۆح و کەللەسەرم بڕوێنن
تۆڕە ریشدارەکانی تەکفیر
بەنیقابی پڕ مەسخەرەی بیابان
نامترسێنن
بۆیان ناکریٚ جارێکی تر
دڵی گەورەی پڕ سەبوری
مەلەك تاوس
لەمێژووم و
لەئاییندەو
لەنیشتمانی شەهیدان و بەفرو چیام
برەنجێنن
ب ڕ ە ن ج ێ ن ن .

## پێرست


1- گوڵێك لە باخچەی ئەفرۆدێت ..................
2- قاچێك بۆ شمشاڵ ............................
3- ڕابردووم پڕیەتی لە بزمار
ئایندەم باوەشیٚ گێلاس .........................
4- ڕێگاکانی نائومێدی ...........................
5- سورەتێکی تری مەرگ ........................
6- فریودان .......................................
7- ژنێك لە ڕەنگی مانگ ...........................
8 - پۆرترێتی زامێکی نەکوژاوەو ...
هەقایەتە پشت کووڕەکانی داربەڕوو ..............

9- چەند لە پەرستگا دەچێ ...
ئەو نیشتمانەی من ................................
10- کوڵانە دەیجورەکانی با ......................
11- بە یادی جاران .............................
12- زرە خەون ..................................
13- ڕاچەنین سەرەتایە بۆ پەرت بوون ..........
14- هاوکێشەیەکی نەزۆك .......................
15- پەنجەرە داخراوەکانی ڕۆژگار ..............
16- پەرجوی خودایی ...........................
17-گەڕانەوە بۆ سروتەکانی ئاگر ...............


## ژیان نامەی شاعیر

* سالی 1956 لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە ,
قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە ئێستا
خوێندکاری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی دیجلە لە هەولێر .
لەسەرەتای سالأنی حەفتاکانەوە خولیای خوێندنەوەو نوسین بووە
بە تایبەت لە بواری ئەدەب .
* بۆیەکەمجار دوو شیعری بە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی
ژوروو لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە سالی 1977 بلأوکراوەتەوە ,

* لە کارەساتی 1ی شوباتی 2004 زۆر بەسەختی برینداربووە
لەئەنجامدا قاچی ڕاستی لە سەروی ئەژنۆوە بڕاوەتەوە ,
* ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردە لقی هەولێر
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە.

*   *   *   *

***لە بلأو کراوەکانی شاعیر***

- کۆماری برین ........ **شیعر** ......... **سالی** 2003
- ئەم کتێبە (**قاچێك بۆ شمشاڵ**) .......**سالی** 2010